زانكۆی سەڵاحەددین- هەولێر


كۆلیژی هونەرە جوانەكان

بابەت: كوردناسی گشتی

بەش: شێوەكاری – موزیك – سینەما وشانۆ

مامۆستای بابەت: ڕێزان عثمان مصطفی

## بەشەکانی کوردناسی گشتی




چەمك و پێناسەی کوردناسی


کوردناسی بەو زانستە دەگوترێت کە لەهەموو لایەنێکی ژیان و کەلتوور و زمان و نیشتمان و مێژووی گەلی کورد دەکۆڵێتەوە.

- کوردناسی لە کۆتایی سەدەی (19) بەو لاوە وردە وردە، بەشێوەیەکی رێژەیی لەزانستی رۆژهەڵاتناسی جودا بۆوە، لەو ساتەوە لە زانکۆکانی ئەورووپادا بەتایبەتی لەئاکادیمیای روسیا و لە زانکۆکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئەرمەنستان و ئینگلستان و سوید وەك بەشێکی سەر بە ئێرانناسی و رۆژهەڵاتناسی دەخوێندرا.
- کوردناسی بەهۆکاری سیاسی لەو زانکۆیانەدا هەرگیز سەربەخۆ نەبووە و پاشکۆی بەشی ئێرانناسی بووە.

- بۆ یەکەمجار لەساڵی 1959 بەملاوە، بەشی کوردناسی لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی لی ئیکادیمیای زانستی سانت پترسبۆرگ لەبەشی ئێرانناسی جیابوویەوە و بووە بەشێکی سەربەخۆ.

## زاراوەی کوردناسی

بەکارهێنانی زاراوەی کوردناسی لەزمانی کوردیدا زاراوەیەکی تازەیە و ماوەیەکی زۆر نییە کەوتۆتە نێو زمانی کوردییەوەو بەکاردەهێنرێت.
زاراوەی کوردۆلۆژی بۆ یەکەمجار لە




بەکارهاتووەو دواتر لەلایەن کۆمەڵێك مێژوونووس و ئەدیبانەوە لەنووسینەکانیاندا بەکاریانهێناوە.بەشێوەیە زاراوەکە کەوتە نێو زمانی کوردی و چەسپا.

زاراوەکە لەوشەی

(کورد) بەواتای نەتەوەی کورد + (ناسی) کە کورتکراوەی چاوگی ناسین و پاشگری( ی) وەك مۆرفیمێکی وشەدارێژ پێکهاتووە، هەرددوکیان ایکدراون و بۆتە زاراوەی کوردناسی.

# مێژووی کوردناسی

کوردۆلۆژی لقێکە لە رۆژهەڵاتناسی، بەو واتایەی کوردناسی لە رۆژهەڵتناسییەوە هاتۆتەکایەوە. وەکو رۆژهەڵاتناسیش دید و بۆچوونی رۆژئاواییەکانە بۆ نەتەوەی کورد.

د. عەبدوڵڵا جەودەت ساڵی 1913 بەکاریهێناوە

↓

د. جەلادەت بدرخان ساڵی 1934 لە وتارێکی بەناوی (کورد و کوردستان لە جاڤی بیانیان) بەکاریهێناوە.

کوردناسەکان لەچەند نەتەوەیەکی بیانی بوونە لەوانە:

عەرەب – فارس – ئیتاڵی – رووسی – فەڕەنسی – ئەرمەنی – بەریتانی . ئەوانیش لە رێگای چەند دەزگایەکی ئەکادیمی، سەدان ئەرشیف دیکۆمێنتی کوردیان یتاهەڵگراوە کە لە دیدی ئەو کوردناسانەوە هاتۆتە بەرهەم و موڵکی کورد و کەلتوری کوردین.

# کوردناسی لای کورد

کوردناسی لای کورد لەم رۆژگاردا مەوداکەی بەرفراوان بووە، سنووری زمان و ئەدەب و کولتور و فۆلکلۆری تێپەڕاندووەو جوگرافیای کور د هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە بەندن

بەناساندنی کوردەوە و بۆتە زانستێکی سەربەخۆ و بگرە لایەنی ئایینی و مەزهەب و ڕێبازی ئایینی کورد و ئابوری کوردیشی گرتۆتەوە.

نەتەوەناسی وای لە کوردستان کردووە کوردناسی وەکو هۆکارێك بۆ ناساندنی کورد بە میللەتانی ترەوە بەکاربهێنن و بایەخی پێبدەن.

## سوودی کوردناسی

- بریتییە لە سوودی هەموو زانستەکانی فۆلکلۆر و مێژوو، و جوگرافیا و ئەتنۆگافیا و هونەر و ئەدەبیات و زمان و نیگارکێشان و دەسنووس و بیبلۆگرافیا لەیەك کاتدا.
- کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو بوبرانە لە بۆتەیەکدا.
- لەرێی ئەو سەفەر نامە و کتێبی گەڕۆك و رۆژهەڵاتناسانەوە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و کوردستانمان سەبارەت بە مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست دەست نەدەکەوت.

## بنچینەی وشەی کورد و کوردستان و رەچەڵەکی کورد.

سەبارەت بە رەچەڵەکی کوردان پیدەچێت بۆ ئەو دانیشتووانە بگەڕێتەوە، کە لە دوایی کۆچی دووەمی(2000) ساڵ پ.ز بۆ رۆژئاوای ئێران کردبوویان کە ئێستا بەکوردستان ناودەبردرێت. بۆیە کۆمەڵێك بیر و بۆچوون هەیە لە:

1-رەچەڵەکی کورد دەگەڕێتەوە بۆ نەژادی هۆرییەکان (حورییەکان)مەملەکەتی میتانی واتە (1500) ساڵ پ.ز. بەپێی ئەم بۆچوونە ناوی خوری کوری یان جێگەی هۆرییەکان تەواوی سنووری کوردستان دەگرێتەوە.

2-بۆ ماددەکان دەگەڕێتەوە، بەم پێیە وشەی (کورمانج) کە لە (کورد+مانج)ی میدی پێکهاتووە، بەشی هەرە زۆری کورد خۆی بە نەوەی ماددەکان دەناسێنێت .

3-یان رەچەڵەکی بۆ کاردۆخییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام پاڵپشتی و بەڵگە جوگرافییەکان دەربارەی ئەو بۆ چوونە لاوازەو کەمتر باوەڕی پێدەکرێت.

دەربارەی ئەم (3) تێڕوانینە، مێژوو نووسی کورد (ئەمین زەکی) ئاماژەی بە چەند وەلامێکی بێ بڕوا داوە. لەوانەیەش:

1-کوردەکان رەچەڵەکیان بۆ (کورد بن عمر القحطانی) دەگەڕێتەوە.
2-کوردەکان نەوەی جنۆکەکانن.

بەڵام (ئەمین زەکی مێژوونووس لەرێی گەڕانبەناو کتێبخانە و مۆزەخانەکانی (ئەستەنبوڵ- ئەڵمانیا- فەرەنسا)و هەروەها بەسوود وەرگرتن لەلێکۆڵینەوەکەی رۆژهەڵاتناسی رووسی (ڤلادیمێر مینۆرسکی) وچەندین زانیاری تر بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە رەچەڵەکی کورد دوو تێڕوانینی هەیە بەم شێوەی خوارەوە:

- تێڕوانینی یەکەم: رەچەڵەکی کورد بۆ دانیشتوانی چیاکان زاگرۆس دەگەڕێنیتەوەو ئاماژە بە رەچەڵەکی کورد دەکات، کە بریتین لە نەتەوەکانی ( لولویی– گوتی– کورتی– جوتی– جودی- کاسای- سوباری- خالدی- میتانی- هوری- نایری).
- تێڕوانینی دووەم: رەچەڵەکی کورد بۆ هیندۆئەورووپییەکان دەگەڕێنیتەوە کە لەسەدەی(10پ.ز)کۆچیان بۆ کوردستان کردووە وتیایدا نیشتەجێبوونە لەگەڵ دانیشتووانە رەسەنەکەی کە بریتیین لە(میدییەکان و کاردۆخییەکان) نەتەوەی کوردیان پێکهێناوە.

## بەکارهێنانی زاراوەی کوردستان

کوردستان وەکو زاراوەیەکی جوگرافی لە سەدەی (12)م بەدیارکەوت کاتێك کە (سونجەر)سوڵتانی سەلجوقییەکان بەشی رۆژئاوای هەرێمی چیاکانی جیاکردەوەو ناوی نا (کوردستان)، کە کەوتبووە نێوان ئازەربایجان و لوڕستان و ئەو ناوچانەی دەگرتەوە( سنە، دینەوەر، هەمەدان، کرماشان) لەگەڵ ناوچەکانی کە کەوتوونەتە رۆژئاوای چیاکانی زاگرۆس وەك شارەزوور و کۆیە، کەسێکی نزیك خۆی کردە حوکمڕان بەناوی (سلێمان شاە).


- کوردستان زاراوەیەکە واتای شوێنی دانیشتنی کوردان. کوردستان دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە چواردەوری بەم وڵاتانە دەور دراوە:(
ئێران لە رۆژهەڵات

ئازربایجان و تورکیا له‌ باکور
تورکیا و سوریا له‌ رۆژئاوا
عێراق و ئێران له‌باشور) كه‌ دابه‌شبووه‌ به‌سه‌ر ئه‌م ده‌وڵه‌تانه‌ كه‌ چواردەوریان داوه.

- كوردستان له‌دوو مۆرفیم پێكهاتووه‌ (كورد+ ستان)به‌واتای وڵاتی كوردان. كه‌ له‌دێر زه‌مانه‌وه‌ به‌خاكی كوردان ناسراوه‌و له‌ شارستانییه‌تی میزۆپۆتامیا ناوی جیاجیای لێنراوه‌، به‌ڵام هه‌موویان بۆ یه‌ك سه‌رچاوه‌ ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌. بۆ نمونه‌ سۆمه‌ری و بابلیه‌كان ناویان نابوو (كورتی) واته‌ (خاكی كاردا) و ئاشورییه‌كان ناویان نابوو (كورا قوتیوم) و رۆمانه‌كان ناویان نابوو(قارسۆی) و یۆنانییه‌كان ناویان نابوو (قاردو) و عه‌ره‌به‌كانیش ناویان نابوو (بیلاد اكراد).

## كوردناسه‌كان كێن؟

كوردناسه‌كان بۆ سێ كۆمه‌ڵه‌ دابه‌ش ده‌بن :




1- كوردناسه‌ رۆژئاواییه‌كان (گه‌ڕیده‌ ئه‌وروپییه‌كان).

گه‌ڕیده‌ ئه‌وروپییه‌كان به‌شێكیان به‌ناڕاست باسی كوردیان كردووه‌، چونكه‌ ئامانج و مه‌به‌ستی سه‌ره‌كییان داگیركردن و به‌تاڵانبردنی سامان و خاكه‌كه‌ی بووه‌. بۆ نموونه‌

ا- زەینەفۆن سەرلشکری یۆنانی کە ساڵی (401 پ.ز) بەکوردستان تێپەڕیوە لەدەڤەری زاخۆ تووشی شەڕێکی گەورە بۆتەوەو زۆر یاوەری لێ کوژراوە، بۆیە چاوەری ناکرێت بەراست و دروستی باسی کورد بکات.

ب- مارکۆ پۆلۆی گەڕیدەی ئیتالی یەکەمین گەڕیدەی رۆژئاواییە وشەی (کوردستان)ی بەکارهێناوە لەگەڵ چەندین گەڕیدەی تر لەوانە ( لێرخ- ئەلیکسندەر ژابا- مینۆرسکی- ءەلبێرت سۆسین...هتد).

ج-   کریس کۆچێرایش کوردناسێکی فەڕەنسییە و هێشتا لەژیان ماوەو چەندین جار هاتۆتە کوردستان و کتێبی (بزوتنەوەی نەتەوەی کورد و هیوای سەربەخۆیی) لە کتێبە بەهادارەکانە کە نووسیوویەتی.

2- کوردناسە موسڵمانەکان.

ئەمان پێش سەدان ساڵ لەسەر کوردیان نووسیوە، لەوانە:

ا- طبری: لەساڵی (923 ز) مردووە لەکتێبی (تأریخ الأمم و الملوك)دا باسی کوردانی کردووە.

ب- ابن کثیر الدمشقی: لەساڵی (774 ك) مردووە لە کتێبی (بدایة و النهایة) دا باسی نەتەوەی کردووە.

ج- ابن الأثیر الجرزی: لەساڵی (630 ك)مردووە لەکتێبی ( الکامل فی التأریخ)دا گرنگی بە مەسەلەی کورد و ژیان و دۆزی کورد داوە.

د- المقدسی: لەساڵی (985 ز) مردووە لە کتێبی (أحسن التقاسیم فی معرفة الأقالیم)دا بە تێروتەسەلی گرنگی بە نەتەوەی کورد و خاکی کوردان داوە.

ە- یاقوت حموی: لەساڵی (1229 ز) مردووە لەکتێبی (معجم البلدان)دا باسی کوردانی کردووە.

3-کوردە کوردەکان.

ئاماژە بە نووسەر و مێژوونووسانی کورد خۆیان دەکەین، لەوانە:

ا- مێـژوو.

- شەرەفخانی بەتلیسی: کتێبی (شەرەفنامە)ی نووسیوە.
- ماه شەرفخانم – مەستورە خانم: کتێبی (تاریخ ئەردەلان)ی نووسیوە، یەکەمین مێژوونووسی ئافرەتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- محمد ئەمین زەکی: (خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان)ی نووسیوە.

ب- ئەدەب و مێژووی ئەدەب.

- عەلائەددین سەجادی: کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی نووسیوە.
- د. مارف خەزنەدار: کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی نووسیوە.
- د.عزالدین مستەفا رسول: کتێبی (ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی)ی نووسیوە.

ج- زمان و زمانەوانی کوردی.

- سەعید سدقی کابان: کتێبی (مختصر صرف و نحو کردی)ی نووسیوە.
- تۆفیق وەهبی: کتێبی (دەستوری زمانی کوردی)ی نووسیوە.
- نوری عەلی ئەمین: کتێبی (رێزمانی کوردی)ی نووسیوە.

د- لێکۆڵینەوەی سیاسی و ئابوری.

- د. عبدولڕەحمان قاسملو: کتێبی (کوردستان و کورد)ی نووسیوە.

ئامانجی رۆژهەڵاتناسەکان لە کوردناسیدا (فاکتەرەکانی گرنگیدان بە کوردۆلۆژی لەلایەن ئەوروپییەکان).

1-لە پێناو جێبەجێکردنی مەبەست و مەرامی سیاسی دەوڵەتەکانیان، واتە بۆ مەبەستی هێنانەدی بەرژەوەندی سیاسی درێژخایەنی خۆیان، ئەم ئامانجە دوو لایەن لە خۆی دەگرێت: مەرامی سیاسی و مەرامی زانستی.
2-جێبەجێکردن و گویشتن بە مەرام و بەرژەوەندی ئابوری وڵاتەکانیان لە کوردستاندا. کوردستان وڵاتێکی پڕ خێر و بێر و زەوییەکی بەپیتە و شوێنێکی ستراتیژی گرتۆتە خۆی لەرووی جیۆسیاسی و بوونی سامانی نەوت و کشتوکاڵەوە.
3-بە مەبەستی ناسینی کورد و رێگا خۆشکردن لەپێناوە جێبەجێکردنی ئامانجی خاڵی یەکەم و دووەم.

4- ویستویانە کوردستان لەپاشەڕۆژدا ببێتە بازارێك و ناوەندێك بۆ سەرفکردنی کاڵا و بەرهەمی پیشەسازی وڵاتەکانیان.
5- چەندین فاکتەر و مەبەستی تر لەوانە (ئایینی – کلتوری – مێژوویی – جوگرافی...هتد).

# زمان

زمانەوانی بابەتێکی ئاڵۆزە و بە زانستی ترەوە بەند و تێکچڕژاوە، کو چەند لقێك لەخۆی دەگرێت بەم شێوەی خوارەوە:

زمانەوانی

| زمانەوانی کۆمەڵایەتی | زمانەوانی دەروونی | زمانەوانی فەلسەفی | زمانەوانی کۆمپیوتەر | زمانەوانی ماتماتیك |
|---|---|---|---|---|

1- ز. کۆمەڵایەتی: لەپەیوەندی زمان بە کۆمەڵەوە دەکۆڵێتەوەو، ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ئەرکی کۆمەڵایەتی بۆ زمان دەکاتە پێوەر.
2- ز. دەروونی: لەپەیوەندی زمان بە دەروونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، کە ئاکار و رەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە ڕێگەی زمانییەوە دەخاتەڕوو.
3- ز. فەلسەفی: گرنگی بە زمان و لۆژیك و فەلسەفە دەدات و لەو پەیوەندییە دەکۆڵێتەوە کە لە نێوانیاندا هەیە.
4- ز. کۆمپیوتەری: گرنگی بە فەرهەنگی دوو زمان یان زیاتر لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە دەدات، هەروەها شیکردنەوەی ئاخاوتن و ناسینەوەو لێکدانی ئاخاوتنەکان و وەرگێڕانی ئامێری و هەر لایەنێکی تری زمان لەژێر ڕۆشنایی کۆمپیوتەردا.
5- ز. ماتماتیکی: لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات، لەژێر ڕۆشنایی یاسا ماتماتیکیەکاندا.

# چەمك و پێناسەی زمان

زمان هەموو بوارەکانی ژیانی تەنیوەو پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەردا دیاری دەکات، بەبێ بوونی زمان گۆمەڵ نایەتەکایەوە. چونکە بێ بوونی زمان تێکەڵی و هاریکاری پێك نایەت.شارستانیەت بەردەوام نابێت و هەروەها زمان تاکە رێگایە بۆ پاراستن وگەیاندنی کلتور و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

دیراسەکردن و یەکلاکردنەوەی هەر کەرەستەیەکی زمان دەکەوێتە نێو بواری زانستی زمانەوە. زانستی زمانیش بەپێی پێناسەی نوێ پێی دەوترێت (دیراسەکردنی سیستەمی زمان)، لە دوو رووشەوە هەوڵدەدات زمان شیبکاتەوە. یەکێکیان زمان چییە؟ دووەمیان زمان چۆن کاردەکات؟

بۆیە پێناسەکردنی زمان کارێکی سانا نییە، زانیان لە زۆر روانگەی جیاوازەوە سەیری زمان دەکەن. لێرەدا چەند پێناسەیەك دەخەینەڕوو. لەوانە:

مارتینێت دەڵێت: زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن و دەکرێت بەچەند دانەیەکی ورد (مۆرفیم) کە هەریەکەیان خاوەنی واتا یان ئەرکن.

چۆمسکی دەڵێت: زمان کۆمەڵە رستەیەکە رێزمان دەریدەکات.

ساپیر دەڵێت: زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەتە بەمرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت و بەهۆی رەمزی لەسەر یاسا رۆیشتوو کاردەکات و لەچێر دەسڵاتی مرۆڤدایە.

کارۆل دەڵێت: زمان کۆمەڵە رەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە، کو دەتوانرێت بەکار بێت بۆ لەیەکتر گەیشتن و پۆلینکردنی شت و رووداوەکانی دەوروبەر.

## پەیوەندی زمان و تیۆرەکانی سەرهەڵدانی زمان

کێشەی چۆنیەتی پەیدابوونی زمان هەر لەکۆنەوە سەرەنجی رووناکبیر و زمانەوانانی کێشکردووە، بەڵام تاوەکو ئێستاش زانیاریمان دەربارەی زمان ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی گشتی زۆر کەمە. ئەم تەگەرە و کۆسپانەی دێنە بەردەم لێکۆلەر یان خوێنەر بۆ چەند لەیەنێك دەگەڕێتەوە، لەوانە:

1- لەپاش پەیدابوونی زمانەکانی ئەم سەردەمە مەڵبەندی زمان لەناو چووە، بێ ئەوەی پاشماوەیەکی ئەوتۆی جێهێشتبێت، کە ئاماژە بە مەڵبەندی زمان بکات، چونکە تا ئەو کات نووسین دانەهێرابوو.
2- تەنانەت پاشماوەی ناراستەوخۆشمان نییە، بیرێکمان بداتێ دەربارەی پەیدابوونی زمان.
3- لەبەر نەبوونی پاشماوە ئەو گریمانانەی پەیدابوونی زمانن ناچاربوون پشت بە بەڵگەی ناراستەوخۆ ببەستن، ئەو بەڵگانەی کە لە لێکۆڵینەوە ترەوە چنگ کەوتوون، وەك: لێکۆڵینەوە لە زمانی منداڵی ساوا – نەخۆشیەکانی وتن – زمانە سادەکان (سەرەتاییەکان) ی مرۆڤ – رەوشتی گیانلەبەرە پێشکەوتووەکان.

### ئەرکەکانی زمان

مەبەست لە ئەرکەکانی زمان، ئەو کارانەن کە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە لەناو کۆمەڵدا جێبەجێیان دەکات، ئەم کارانەش هێندە ئاڵۆز و وردن هەروا بەئاسانی پۆلین ناکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەکرێ بڵێین ئەرکەکانی زمان لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەست نیشان بکەین. لەوانە:

1- رێگایەکی سەرەکییە بۆ دەربڕینی هەست و نەست، ئەمەش بە جۆرەها رێگا دەبێت وەك هاوار و بانگ و قیژە و ...هتد.
2- زمان رێگایەکە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی ئەم پەیوەندییە وەك: چۆنی ، رۆژباش ...هتد.
3- رێگایەکە بۆ چاککردنی باری رۆشنبیری و رەوشت و نەهێشتنی تەنگ و چەڵەمە.
4- زمان هەمیشە رێگایەکە بۆ بزواندنی مرۆڤ بۆ کردنی هەموو کردەوەیەکی چاك و خراپ.
5- زمان بەکاردەهێنرێت بۆ شیکردنەوە و روونکردنەوەی مەبەستێکی زانستی وەك ماتماتیك – ئەندازە ...هتد.

6-ڕێگایەکە بۆ هەڵخەتاندن و دوورخستنەوەی مرۆڤ لە جۆرەها بیرکردنەوە بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە وڵاتە زلهێزەکانی جیهان هەمیشە زمان بەکاردەهێنن بۆ شوشتنەوەی مێشکی میللەتە هەژارەکان.

7-زمان ڕێگایەکە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕای ئایینی.

8-زمان ڕێگایەکە بۆ ئاڵوگۆرکردنی بیروڕا لەناو کۆمەڵانی ئادەمیزاددا.

تایبەتمەندییەکانی زمان

گرنگترین تایبەتییەکانی زمان ئەمانەن:

1-زمان پێڕەوە.

ئەگەر زمان خاوەن پێڕەوێکی تایبەت نەبێت، ئەوا کەس ناتوانێت فێری زمان ببێت یاخود وەری بگرێت. زمان لەڕاستییدا لەدوو پێڕەوی سەرەکی (دەنگ و واتا) پێکدێت.

- پەیڕەوی دەنگی زمان لەوەدا دەردەکەوێت کە لەو هەموو دەنگە جۆربەجۆرانەی، کە مرۆڤ دەتوانێت دەریان ببڕێ، هاوزمانان تەنیا کەڵك لە ژمارەیەکی زۆرکەم لەم دەنگانە وەردەگرن.

- پێڕەوی دەنگی لەوەدا دەردەکوێت ، کە لەو هەموو دەنگە جۆراوجۆرانەی مرۆڤ دەتوانێت دەریانببڕێت، کەچی هاوزمانان تەنیا کەڵك لە ژمارەیەکی کەمی ئەم دەنگانە وەردەگرن.

-هەروەها پەیڕەوی دەنگی ڕێگای ئەوەمان دەدات کە ژمارەیەکی کەمی دەنگەکان دووبارەو سێبارە بکەینەوە لە ڕۆنانی جیاجیادا" تاوەکو دانەیی واتایی دروست ببێت.

پەیڕەوی واتای زمانیش ڕێگەی ئەم دانە واتاییانە دەدات کە لەژمارەیەکی زۆر وشەدا دووبارە ببنەوە تاوەکو قسەپێکەری زمانەکە بە ئاسانی بتوانێت لەچوارچێوەی زمانەکەیدا چەمکی سادە و ئاڵۆز دەرببڕێت.

2- زمان ڕەمزە(هێمایە

که دەڵێین زمان ڕەمزە مەبەستمان ئەوەیە کە دەنگەکانی زمان شتێك دەنوێنن یاخود هێما بۆ شتێك دەکەن کە خۆیان نین و پەیوەندیان بە شتەکەوە نیە و ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان شتەکە و ئەو دەنگانەی کە دەینوێنن پەیوەندییەکی لەخۆوەیە.

بە شێوەیەکی گشتیش هێماکانی زمان دەکرێن بە سێ جۆر:

أ- ڕەمزی وێنەیی:کە تێیدا پەیوەندی لێکچوون هەیە لە نێوان دەنگ و واتا.وەك(دەست بردن بۆ دەم) هێمایە بۆ گەیاندنی برسێتی یان (دەست ڕاوەشاندن) بۆ گەیاندنی هەڕەشە.

ب- ڕەمزی هۆیی:وەك زەرد هەڵگەڕان لە(نەخۆشی و ترس)دا و سووربوونەوە لە(تۆرەیی یان شەرم)دا.

پ- ڕەمزی لەخۆوە:کە تێیدا هیچ پەیوەندییەك لە نێوان دەنگ و واتادا نیە.بۆ نموونە بلێسە یان مەشخەڵ بە واتای خوێندەواری یان خۆر بە واتای ئازادی و رووناکی و سەربەستی.

زۆربەی هێماکانی زمان ڕەمزی لەخۆوەن.

3- زمان دەنگە

کە دەلێین زمان دەنگە،مەبەستمان ئەوەیە کە زمان پێویستی بە هەر دوو قەناتی دەم و بیستن هەیە و بەلای کەمەوە دەبێت قسەکەرێك و گوێگرێکمان هەبێت و دوو کەسەکەش دەتوانن دەورەکانیان ئاڵوگۆر بکەن،هەر چەندیشە یەك کەس دەتوانێ هەر دوو ڕۆڵەکە بگێڕێت.

4- زمان تایبەتە بە مرۆڤ

هەر لە کۆنەوە باوەر وابووە کە زمان مرۆڤ لە هەموو گیاندارەکانی تر جیادەکاتەوە چونکە تەنیا مرۆڤ بەهرەو تواناى قسەکردنی تێدایە.هەر چەندە گیانلەبەرەکانی دیکە بە گشتی پەیرەوێکی زۆر سادەیان هەیە بۆ لە یەکتر گەیشتن بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم چالاکیانە زۆر لە زمانی مرۆڤ کەمترن و ڕێگەیان ناداتێ باس لە ڕابردوو و داهاتوویان بکەن.لەبەر ئەمەش پەیڕەوەکانی (چالاکیەکانیان) ناچێتە ریزی زمان و ئەو بەهایەی نادرێتێ.

ئەدەب

ناساندنی ئەدەبیاتناسی

لە جیهانی زانستی ئەمرۆدا ئەدەبیاتناسی بە زانستێك دەڵێن کە هەموو بەشە جیاوازەکانی ئەدەبی هونەرمەندانە بگرێتەوە.مەبەست لە ئەدەبناسی ئەوەیە کە کەرەستە بنەرەتیەکانی تیۆری زانستی نیشان بدات و ئەوەش دەربخات کە تیۆری زانستی چۆن تەماشای ئەدەبدەکات و چۆنیەتی گونجانیان لەگەڵ زانست دەردەخات جگە لەوەش نرخی ئەو کەرەستە ئەدەبیان بە خوێندەواران دەناسێنی کە لەبەر دەستدایە.

-:ئەدەبیاتناسی سێ بناغەی زانستی جیاوازی دەگرێتەوە،ئەوانیش

تیۆری ئەدەب : زانستێکە تەماشای ئەدەبیاتی هونەرمەندانە(نووسین و هۆنراوە) دەکات و ئەوە هەڵدەسەنگێنێ کە چۆن ئەو ئەدەبیاتە و بە کام شێوە نەخشەی ژیان دەکێشێ و چۆن لێی تێدەگات؟

هەروەها بناغەی لێکۆلینەوە و نرخ پێدان بۆ رووداوی ئەدەبی و کەرەستەی ئەدەبی دادەنێ،توانای ئەوەمان دەداتێ کە زۆر قووڵتر لە سروشتە گشتیەکانی خاسیەتی ئەدەبیاتی هونەرمەندانە و ڕێڕەوی ئەدەبیات و شتە تایبەتیەکانی و لە خاسیەتی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بگەین.

مەبەستی هەرە گەورەی تیۆری تازەی ئەدەب،خزمەتی گەل و هەوڵدانە بۆ گەشە پێدانی رۆشنبیری هونەرمەندانەی کۆمەڵ، کەلەڕێگەی چەند ڕێبازێکی ئەدەبی ( ڕێبازەکانی ئەدەب ) . پەیام و مەبەستەکانی دەگەیەنێت

ڕەخنەی ئەدەبی : ڕەخنەی ئەدەبی ئەو بەشە زانستەی ئەدەبە کە یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی بە ڕاستی و دروستی لەو بەرهەمانە بگەن کە دەیخوێننەوە و پڕبەپڕی خۆیان بایەخیان بدەنێ،هەروەها یارمەتی نووسەر دەدات لە نەهێشتنی هەلە و ناتەواوی بەرهەمەکەی چونکە

یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەرخستنی لایەنی ڕێکی و نارێکی بەرهەمی ئەدەبیە.

لەئەنجامی گەشە و گۆڕانەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بابەتێکی گرینگ و کاریگەر دێتە ئاراوە ئەویش ( ئەدەبی بەروردکاری ) یە کە نیشانی جیاوازی و لێکچوونەکانی دوو دەقی یان دوو هۆنراوە ی شاعیرێك یان نووسەرێك یان تێکستی دوو نووسەری جیاز دەخاتە بەرتیشکی لێکۆڵینەوەوبنەما فەلسەفییەکانی هزروتێڕامان.

مێژووی ئەدەب : بریتیە لە هەوڵدان بۆ گەڕان و پشکنین بەداوی دەقی کۆنی ئەدەبی،بە مەبەستی دەست نیشان کردنی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی هەر میللەتێك.

کەواتە تیۆری ئەدەبی و ئەدەبی و مێژووی ئەدەب سێ بناغەی زۆر گرنگن لە ئەدەبیاتناسی و هەر یەکەیان تەواوکەری ئەویترە.

پێناسەی ئەدەب

لەبەر ئەوەی ئەدەب پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە،ژیانیش بەردەوام لە گۆڕاندایە،ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە تاکو ئێستا ئەدەب چەمك و پێناسەیەکی چەسپاوی نەبێت.بە درێژایی مێژووش هەزارەها کەس لەسەر ئەدەبیان نووسیوە و ڕای خۆیان بەرانبەری دەربڕیوە کە هەریەکە بە جۆرێك ناساندوویەتی،بۆیە ئێمە لێرەدا هەندێك لەم بیروباوەریانە دەخەینە روو:

ئەمرسن دەڵێ:ئەدەب تۆماری بیری پەسەندە.

ستیفۆدبرگ دەڵێ:ئەدەب ئەو هەست و بیر و سۆز و باوەرەیە کە لە دڵی زرنگ و هۆشیاران پەروەردە دەبێ و بەشێوەیەکی وا دەنووسرێتەوە کە بە تەواوی هەستی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێ.

مامۆستا عەلائەددین سوجادی دەڵێ:ئەدەب بریتییە لەو قسە جوانانەی کە لە دوو لێوی شاعیر و نووسەر دێتە دەرەوە و خەیاڵی ناسك و سۆز و بیر وباوەری دەردەخات.

کەواتە ئەدەب:(ئەو پارچە نووسراوە بەهێزەیە کە لە سۆزێکی زیندوو هەڵقولاوە بۆ بزواندنی هەست و سۆزی گوێگر هەوڵ دەدا،ئەمەشیان بە بیر و خەیاڵ و شێوەی ڕازاوە دەبێ کە بەجوانترین شێوە و توندترین جۆر پێشان دەدرێ).

ڕەگەزەکانی ئەدەب

گرنگترین ڕەگەزەکانی ئەدەب بریتین لە :

1- سۆز: کڵپەیەکە دەکەوێتە دڵ و رایدەچلەکێنێ یاخود سەرچاوەیەکی روونە و لەناو دڵەوە هەڵدەقولێ.

2- ئەندێشە(خەیاڵ) : یەکێکە لە ڕەگەزە گرنکەکانی ئەدەب و رۆڵی زۆرە بۆیە دەڵێن ئەگەر ئەندێشە نەبێ بەیان و ئەدەب دەوەستێ چونکەئەگەر ئەندێشە نەچێ پەیکەری بۆ دروست بکا ئەوا وشە بە تەنها ناتوانێ بچێ گوزارشتە بێنێت و بەشێوەیەکی کاریگەر بیانخاتە ڕوو.

4- شێوە(فۆرم) : ئەو قالبەیە یان ئەو وشە و ڕستە ڕێکانەیە کە سۆز و ئەندێشە و بیرەکان تێدا دادەرێژێ.

ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەم چوار رەگەزەی ئەدەب پێکەوە بەستراون و لێك جودانابنەوە،هەر یەکێکیان نەمینێ پارچە نووسینەکە لەنگ دەبێ و کەم و کوڕی پێوە دیار دەبێ،ئەدەبی سەرکەوتووش ئەو بەرهەمەیە کە مافی ڕەوای هەر یەکێك لەو ڕەگەزانە پشتگوێ نەخا و هیچیان نەکاتە قوربانی

ئەویتریان.کەواتە دەتوانین بڵێین:(ئەدەب پەیکەرێکە بە ئاخاوتن دەڕازێتەوە و مرۆڤ بە هۆشمەندی دایدەهێنێ،بە وشە و گوتەی هونەری و واتای جوان پێشان دەدات.هەر مرۆڤ هونەرمەندی داهێنانە کە دەتوانێ گەوهەری گیان و ناخی خۆی بەشێوەی بنیاتێکی کاریگەر و شێوە و واتای جوانی زمانەوانی دەرببڕێ.

جۆرەکانی ئەدەب

ئەدەب بەسەر سێ جۆر دابەش دەبێت، ئەوانیش :

1-ئەدەبی فۆلکلۆر ( زارەکی)

2-ئەدەبی میللی

3-ئەدەبی نوسراو

: ئەدەبی فۆلكلۆر

ئەو ئەدەبەیە كەلەوناو میللەتاندا بەسەر زاری خەڵكەوەیە، دەماودەم و پشتاو پشت دەمێنێتەوە . بۆیە بەبەرهەمی تاكە كەسێك دانانرێت بەڵكو سامانی خەڵكە و بەواتای چیرۆك و پەندی خەڵكی دێت، كە زۆرجار بە ئەدەبی جیهانی ناودەبرێت، چونكە بەشەكانی ئەم ئەدەبە ڕەنگە هەندێكیان لە فۆلكلۆری هەموو میللەتاندا یان لە فۆلكلۆری چەند میللەتێكدا یەك بن، بەواتایەكی تر شەقڵی نەتەوەیەك نابینێت و دەپەڕێتەوە بۆ نەتەوەی تر .

گرینگترین سیماكانی ئەم ئەدەبە بریتییە لە

1-شێوەیەكی سادە و ساكاری هەیە لە داڕشتن و شێوازدا

2-بەرهەمی تاكەكەسی نییە، چونكە هەموو خەڵك بەژدارن لە ئەفراندنی

3-بێ خاوەنە

4-پێش ئەدەبی نوسراو دەكەوێت و زیاتر لە هۆنراوە و پەندو قسەی نەستەقدا دەبینرێت

5-زمانەكەی ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، لەگشت بوارەكاندا

بەشەكانی ئەدەبی فۆلكلۆر.

1- ئەفسانە : بەرهەمی سەرەتای ژیانی مۆرڤایەتییە، كەبیرێكی ناڕاستی سروشتی تێدایە.

2- سەرگوزەشتە یان چیرۆك : گێرانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەكانی هەڵقوڵاوی ژیانە.

3- داستان : شێوەیەکی چیرۆك ئامێزی هەیە کە باس لە ڕووداوەکان دەکات بە شێوەیەکی دوورودرێژ .

4-گۆرانی : دەربڕینی هەستی مرۆڤە لە کاری هەرەوەزی یان ئاینی یان هەرلایەنێکی .

5- پەندی پێشینان و قسەی نەستەق : بڕوانە هونەرەکانی پەخشان ( خاڵی حەوتەم).

6- گاڵتەوگەپ : بڕوانە هونەرەکانی پەخشان ( خاڵی پێنجەم).

7- مەتەڵ : بەرهەمێکە کە بەشێوەیەکی نادیار و تەماوی و پرسیارلێکراو دەردەبڕدرێ، پێویستی بە تێڕامان و بیرکردنەوە هەیە .

8- ئیدیۆم : ڕستەیەکی هێمابۆکراوە، کە ئاماژە بەواتایەکی فراوانی پشت ڕستەکە دەکات.

ئەدەبی میللی

ئەدەبێکی کۆنە هاوشانی ئەدەبی فۆلکلۆر، بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە بەرهەمی ئەدەبی میللی خاوەنەکەی دیارەو نوسراوەتەوە . شایانی باسە ئەم جۆرەی ئەدەب تەنها گۆرانی دەگرێتەوە .

ئەدەبی نوسراو :

ئەم جۆرە ئەدەبە لە هەر میللەتێکدا بەشێوەی نوسراووبەڵگەدار نیشان دەدرێت کە دەستنیشانی دەقی کۆن و مێژوویی ئەم نەتەوەیە دەکات بەبەڵگەی زانستی، کە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بە دوو بەشی هونەری سەرەکی :

1- هونەری هۆنراوە(شیعر).

2- هونەری پەخشان

شیعر

بەرهەمی مرۆڤێکی بەهرەداری بە ئەندێشەیە کە بەترپە و ئاوازە تاقیکردنەوەی خۆی وەکو مرۆڤێکی ئەندامی ناو کۆمەڵگایەك لە دوو تۆی چەند وشە و ڕستەیەکی پڕ خەیاڵێکی فراوان .تۆمار دەکات یاخود شیعر قسەیەکی خاوەن کێش و سەروایە، زمانی سۆز و خەیاڵێکی فراوانە

: جۆرەکانی شیعر

أ-شیعری ویژدانی : یەکێ لە تایبەتیەکانی هۆنراوەی ویژدانی ئەوەیە کە ڕاستەخۆ تاقیکردنەوەیەکی کەسی دەردەبڕی،هەر ئەمەشە کە لە جۆرەکانی دیکەی شیعر جیایدەکاتەوە چونکە جۆرەکانی دی هۆنراوە ڕاستەخۆ باس لە ئازار و ژانی شاعیر ناکەن.بەگشتی لە هۆنراوەی خودی(ویژدانی)دا تاقیکرنەوەی کەسییەکەی شاعیر دەبێتە یەکەم تۆی لە دایکبوونی هەڵبەست و هەر لەم تۆووەشەوە بیر و سۆز و ئەندێشە وەك ڕەگەزی ناوەوەی هەڵبەست چەکەرە دەکەن و لە دیوی دەرەوەشدا وێنەکانی ئەنجام دەدەن.لەم جۆرە هۆنراوانەدا شاعیر داهێنانەکەی .جیا ناکرێتەوە و هەمیشە هەست بە ئامادەبوونی شاعیر دەکرێت

ب- شیعری داستانی : ئەم جۆرە شیعرەیە کە پشت بە شێوازی گێرانەوە دەبەستێت، وەسفکردن و کەسایەتی و گفتوگۆ و پەند و ئامۆژگاری تێکەڵ بەیەك دەبن و لە ژێر روخسارێکی سەرگوزەشتەیی دەگێردرێتەوە،بەناوبانگترین داستانەکانی جیهان داستانەکانی(ئەلیادە و .ئۆدیسا)ی گریکییە و کۆنترین داستانیش داستانی (گلگامێش)ی سۆمەرییە

لە ئەدەبی کوردیشدا هەندێ نووسراوی فۆلکلۆری کوردی هەیە کە شەقڵی گشتی داستانی :جیهانی پێوە دیارە کە دەکرێنە دوو بەش

1- داستانی قارەمانێتی.

2- داستانی دڵداری و ئەڤینی.

هەندێك لە ئەدەبنووسانی کورد نووسراوەکانی(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و (خوسرەو و شیرین)ەکەی خانای قوبادی بە داستان دادەنێن.

پ- شیعری شانۆگەری : لێرەدا دیمەن و ڕووداوەکان بەچاو دەبینرێن و کەسەکانیش لەبەر چاومانە و دەجولێن.ئەو ڕووداوانەش کە لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرێن لە ژیانی مرۆڤدا بەدی دەکرێن یان وەردەگیرێن،لە هۆنراوەی شانۆگەریدا مرۆڤ ئامانج و مەبەستی سەرەکییە.

شیعری (مەکتەبی کوردستانی) سەلامی شاعیر بەیەکەمین شیعری شانۆگەری لە ئەدەبی کوردیدا لە قەڵەم دەدرێت.

ت- شیعری فێرکردن : بریتییە لەو شیعرەی کە ئامانجی سەرەکی فێرکردنە،بۆیە لە دووتۆیاندا پەند و ئامۆژگاری و هەواڵ و زانیاری بەدی دەکرێت.لە ئەدەبی کوردیدا (نەوبەهار)ەکەی ئەحمەدی خانی و (ئەحمەدی)یەکەی شێخ مارفی نۆدەیە لەم جۆرە شیعرانەیە.هەروەها لە بیستەکانی ئەم سەدەیە و بەدواوە،زێوەری شاعیر شیعری بۆ خزمەتکردنی زانین و پەروەردەکردن هۆنیوەتەوە.

پەخشان

پەخشان قسەیەکی گەینەرە و زمانی ئەقڵ و ژیرییە و دوورە لە کێش.

جۆرەکانی پەخشان

لە ڕووی ناوەرۆکەوە پەخشان دەکرێت بە دوو بەشەوە

1- پەخشانی هونەری : ئەم جۆرە ڕێچکەی ئەدەبی گرتووە لە نووسینی سیاسی یان ئابووری یان هەواڵی ڕۆژنامە یان نووسینی زاناکان و پزیشکان جیا دەکرێتەوە.لە داڕشتنیدا پوخت و لە بیر و لێکدانەوە بە سۆز و هەست بزوێنە.نووسەر تەعبیر لە قوڵایی دەروونی خۆی دەکات و لە تێروانین و سەرنجی تایبەتی خۆیەوە دەروانێتە ژیان و کۆمەڵ و سروشت.نموونەی ئەم جۆرە پەخشانە چیرۆك،ڕۆمان،وتار، شانۆگەری،کەرەستەکانی پوخت و وشەکانی گەش و داڕشتنی جوان و دەربڕینی هونەرین.

2- پەخشانی زانستی : ئەم جۆرە پەخشانەیە کە ڕاستیەکانی زانین و زانستی پێ دەردەبڕدرێت و بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان بێ پێچ و پەنا،پێویستی بە هەڵبژاردنی وشە و داڕشتنی جوان و خەیاڵ و مەجاز ناکات.لە کاری دەروونی نووسەر خۆی بە دوور دەگرێت و هەست و سۆزی نووسەر تیایدا دەرناکەون،هەروەها زاراوەکان دەبێ واتایان ئاشکرا بێت و لەلایەن زانایان پەسەند کراو بن.نموونەی پەخشانی زانستی

کتێبەکانی زانیاری وەك : مێژوو،ئابووری، فیزیا، کیمیا، ماتماتیك...هتد.). هەروەها لێکۆلینەوە ) و باسی زانستیش دەگرێتەوە.

جۆرەکانی پەخشانی هونەری :

1- وتار:نووسینێکی ئەدەبییە،لایەنێ لە لایەنە دیاریکراوەکانی ژیان دەگرێتە خۆی،بابەتێکی تەسکی ژیان لێکدەداتەوە.وتاریش چەند جۆرێکن:(کەسی، کۆمەڵایەتی،زانستی،فەلسەفی،ڕەخنەی).

2- ژیاننامە:ژیاننامە وەرگێڕانی ژیانی مرۆڤێکە لە میانەی خستنە ڕووی وێنەیەکی ڕاستگۆ و پرشنگداری ژیانی خۆی و ئەو کۆمەڵگایەی کە تێدا دەژی،ئەمەش دوو جۆرە

أ- ژیاننامەی خودی:ئەدیب تەنها باسی خۆی دەکات.

ب- ژیاننامەی بابەتی:تیایدا ئەدیب باسی کەسێکی تر دەکات.

3- دواندەری: بریتیە لە هونەری قسەکردن لە پێناو قایل کردن و کارتێکردندا بەکار دەهێنرێت، دواندەری چەند جۆرێکە: (ئامۆژگاری،دادگەیی،رامیاری،فێرکردن،ئاینی)

4- چیرۆك:بریتیە لە گێرانەوەی چەند ڕووداوێکی یەك لە دوای یەك کە بەسەر چەند کەسێکی جیاوازدا دێ و تێدەپەرن،لە شوێنەوارێکی دیاریکراودا.

5- گاڵتە و گەپ:گەڵتە و گەپ یان قسەی خۆش،چیرۆکێکی کورتە بەڵام بە جۆرێکی گاڵتەئامێز دارێژراوە و گیانی پێکەنینی کراوەتەبەر و دەبێتە هۆی ڕەخنەگرتن لە هەموو دیمەنێکی نالەبار و ناهەموار و خوار و چەوت لە ژیاندا،پەردە لەسەر ئەم کەم و کوڕیانە لادەدات.

ئەم چیرۆکانە لەناو هەر میللەتێکدا بەناوی چەند کەسێك دەگێردرێتەوە وەك:خاڵە رەجەب،حاجی ئەحمەدی کڕنوو،لالە سەرحەد...هتد.

6- شانۆگەری: چیرۆکێکە بۆ نواندن ئامادەکراوە .

7- پەند و قسەی نەستەق : بریتیە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵك هەمیشە لە لای گەلانی سەرەتایی و سادەدا فەلسەفەی راستەقینەی لەخۆوە گرتووە،هەموو رووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد،هەموو کردارێك،چاك و خراپ،هەموو گەیشتنە ئەنجامێك کە میللەت گەیشتبێتێ، دەربارەی هەرچییەك بێت.پەند بەرهەمێکی کورتە و واتایەکی بەرزی تێدایە.

جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان :

1- شیعر لە ویژدان و سۆزەوە پەیدا دەبێ،پەخشان لە ئەقل و ژیرییەوە پەدا دەبێ.

2- کێش نیشانەی سەرەکی شیعرە،لە پەخشاندا کێش نیە.

3- لە شیعردا سەروا هەیە بەڵام لە پەخشاندا نیە و ئەگەر هەشبێ،ئەوا زۆر کەمە.

4- لە شیعردا هونەرەکانی رەوانبێژی زیاترە وەك لە پەخشان.

5-شیعر زیاتر بەرەو کورت بڕی و خەستی دەچێ بەڵام لە پەخشاندا درێژدادڕی زیاترە.

6-لە شیعردا شاعیر لەبەر پێویستی کێش و سەروا زۆر جار وشەکان پاش وپێش دەکات و جێگۆرکێیان پێدەکات،لەبەر ئەوە شاعیر ماوەی پێدراوە وشە لەهەر شوێنێك دابنێ،لە ئەنجامدا داڕشتنی ڕستەکە ناسروشتی دەبێت بەڵام لە پەخشاندا بە پێچەوانەوە ڕستە دەبێ رێچکەی تایبەتی خۆی بگرێ و ئەو گۆڕان و پاش و پێش خستنەی لە شیعردا هەیە لە پەخشاندا رێی پێنادرێت.

7- شیعر نووسینێکی تایبەتی هەیە بۆ نموونە لە شیعری کلاسیکیدا هەر دێرەی دەبێتە دوو نیوە دێری بەرامبەر بە یەك و سەرواش بە گوێرەی شیعرەکە دەگۆڕێ کەچی پەخشان هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت تەنیا دوای تەواو بوونی پەرەگراف دێتە سەر دێری نوێ.

8 -لەبەر ئەوەی شیعر زمانی سۆز و ویژدانە بۆیە کەسێتی شاعیر پیشان دەدات چونکە شاعیریەتی بەهرەیە کەچی زمانی پەخشان زمانی ئەقڵ و ژیرییە،کەمتر کەسێتی نووسەر دەردەخات،پەخشاننووسیش زیاتر پشت بە رۆشنبیری دەبەستێت تا بەهرە.

ڕۆژنامەگەری کوردی

1- مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی.

پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردی لەپاڵ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی هەنگاوی ناوە، کاریگەری لەسەر ڕۆشنبیری و ژیانی نەتەوەی کورد هەبووە. هەرچەندە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە لە ساڵی 1898 بەناوی ( کوردستان ) بەهەردوو زمانی کوردی و تورکی دەرچوو، چەندین کەس کە دوورخرابوونەوە بۆ تاراوگە، لەوانیش ( میقداد مەدحەت بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا میری جەزیرەی بۆتان، بیرۆکەی ئەنجامدانی چاپکردنی ڕۆژنامەکەیاندا، کەسانێکی کورد کەلەژێر کاریگەری ڕۆشنبیری ئەوروپی و بیروباوەڕی نوێ بوون لە دەوری ڕۆژنامەکە کۆببونەوە، بۆ نموونە هەڵوێستیان بەرامبەر لە ناوبردنی ئەرمەنەکان کەلە نێوان ساڵانی (1894-1896) ئەنجامدرا، دەربڕی و دژی دەستەڵاتدارانی ئەستەمبوڵ وەستانەوە.

ڕۆژنامەگەری کوردی مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە، کە زۆربەیان کۆششی کەسانن، نەك دەستەڵات و حکومەتە کوردییەکان، کە کەلتورێکن ناکرێ فەرامۆش بکرێن، کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی زیاترە لە 120ساڵ بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ڕێڕەوە هەمیشە پچڕپچڕ بووە، واتە بەهۆی بارودۆخی سیاسی لەلایەك و کۆت و بەندی توندی سیستەمی حوکمرانی دەستەڵاتدار بەسەر کورد دا لە لایەکی ترەوە، یان بەردەوام نەبووە، یان هەر وەستاوە.

دەتوانین ڕێڕەوی ڕۆژنامەگەری کوردی بۆ سێ کۆمەڵە پۆلێن بکرێت

1- ئەو ڕۆژنامەوگۆڤارانەی کە هەوڵی تاکە کەسی ڕۆشنبیروئەدیب و یان سیاسی کورد بوون

2- ئەو بەرهەمە ڕۆژنامەو گۆڤارانە دەگرێتەوە کە حیزب و ڕێکخراوو ڕەوتە سیاسییە کوردییەکان بەرهەمیان هێناوە کە ئەمەیان زیاترە.

3- ئەو ڕۆژنامەوگۆڤارانەی کە ئەو دەستەڵاتانەی حوکمی کوردییان لەسەر زەوی کورد دا کردووە، بەرهەمیان هێناوە بۆ ئەوەی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن و بیانخەنە ژێر سێبەری سیاسەتی خۆیان، باشترین نموونە ( ڕۆژنامەی هاوکاری ) بیە کە دەستەڵاتی بەعسی دەریان دەکرد. تەنانەت ئینگلیزیش، کوردی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە.

2- پەخشان و ڕۆژنامەگەری کوردی

هەروەك ئاماژەی پێکرا کە یەکەم رۆژنامەی کوردی بە ناوی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە 22ی نیسانی 1898 لە شاری قاهیرە دەرچووە،لەو رۆژەوە پەخشانی کوردی کەوتە قۆناغێکی تر چونکە رۆژنامە مینبەری بڵاوبوونەوەی پەخشانە و پەخشانیش زادی رۆژنامەیە،نووسینە سیاسیەکانیش بە شێوەیەکی ئەدەبی دەنووسران،دوای رۆژنامەی کوردستان گۆڤاری (رۆژی کورد) لە ساڵی 1913 سێ ژمارەی لە ئەستەمبۆڵ بڵاوکرایەوە و بۆ یەکەم جار چیرۆکی هونەری کوردی کە هی (فوئاد تەمۆ) بوو سەری دەرهێنا کە بە سەرەتای چیرۆکی کوردی دادەنرێت. دوابەدوای گۆڤاری رۆژی کورد گەلێك گۆڤار و رۆژنامە دەرچوون لەوانە : ( تێگەیشتنی ڕاستی، رۆژی کوردستان، بانگی کوردستان، پێشکەوتن، ژیانەوە، خۆری ژیان، زاری کرمانجی،رۆناکی، گەلاوێژ، نزار، هەولێر، هەتاو، هیوای ئازادی، رزگاری...هتد).

بەم جۆرە پەخشانی کوردی پێشکەوت و لە شێوازی ئەدەبییەوە بەرەو شێوازەکانی تر رۆیشت گەلێ وتاری زانستی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ڕامیاری بڵاوبوونەوە و هەر رۆژنامەیەك لەوانە رۆڵی خۆی هەبوو تا وای لێهات پەخشانی کوردی لە ڕووی ناوەرۆك و روخسارەوە بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا و گۆڤاری (گەڵاوێژ) دیارترین رۆڵی هەبوو لەم بوارەدا.

3- مێژووی چاپ و چاپەمەنی لە کوردستان-

لە دوا لاپەڕەی ژمارەکانی (4، 5) ی ڕۆژنامەی (کوردستان 1898-1902) ئاماژە بە ناووشوێنی ئەو چاپخانەیە کراوە کە ژمارە ناوبراوەکانی ڕۆژنامەکەی لێ دەرچووەو نووسراوە ( لسرێ ل مەتبەعا جەریدەیا کوردستان تەبع بیە ) . ئەگەر ئەم ڕستەیە بە بەڵگە وەربگرین، دەتوانین سەرەتای دامەزراندنی چاپخانەی کوردی گرێ بدەین بە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییەوە کە ( چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان )ەو پێدەچێ (میقداد مەدحەت بەدرخان ) ئەم

چاپخانەی بەمەبەستی دەرکردنی ڕۆژنامەکە کڕیبێ .کە تەنها دوو ژمارەی (4، 5 ) ی پێ چاپکراوەو دواتر ژمارەکانی (6 – 19 ) لە ( مەتبەعا جەمعیەتا تفاق و قنجیا مسلمانان ) لە ژنێف لە لایەن عەبدولڕەحمان بەدرخانی برای میقدادەوە بڵاوکراونەتەوە .

هەروەها ڕووناکبیری کورد (دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت 1869-1932)، کاتێك لە دوورە وڵاتدا ژیاوە لە ژنێف لە (4-8-1904) چاپخانەیەك دەکڕێت و پاشان بە ڕەزامەندی حکومەتی سویسری لە (1-9-1904) یەکەم ژمارەی گۆڤاری ( اجتهاد) بەو چاقخانەیەی خۆی بڵاودەکاتەوە لە شاری ژنێف . پەیوەست بوونی ئەو چاپخانەیە بە کوردومێژووی چاپخانەی کوردییەوە، لەلایەك لەوەدایە کە خاوەنەکەی کورد بووە، لەلایەکی تر چەندین کتێب و چاپەمەنی نووسەرە کوردەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەی بەزمانی عوسمانی لە بارەی کلتووری کوردەوە بەچاپ گەیاندووە .

گرینگترین ئە ڕۆژنامەو گۆڤارانەی لە ماوە ساڵانی (1898 – 1932 ) دەرچوون ئەمانەن

1- ڕۆژنامەی کوردستان – قاهیرە 1898

2- ڕۆژنامەی کورد – ئەستەمبول 1908

3- ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی – بەغدا1918

4- ڕۆژنامەی پێشکەوتن – سلێمانی 1920

5- ڕۆژنامەی بانگی کوردستان – سلێمانی 1922

مێژووی کوردو کوردستان

تەوەری یەکەم : ئاینی کورد

1- ئاینی کورد پێش هاتنی ئاینی ئیسلام

پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی کوردان بە درێژایی حوکمڕانی ماددەکان و ساسانییەکان بریتی بوو لە ئاینی (زەردەشت)ی . ئەم ئاینی زەردەشتییە لە ناو کوردان دا بەهەموو وڵات ( ) بڵاوکرایەوە تا بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام.

لە هەندێ سەرچاوەی مێژوویدا باس لەوە دەکرێ کە کورد وەك هۆزوتیرەکانی هیندۆئەوروپی ئاینەکەی پەرستنی دیاردەکانی سروشت : ئاسمان و خاك و ڕۆژو ئاگرو ڕووناکی بووە، بەڵام بەتێڕوانینی ئێمە ئەم دۆخەی کورد وەك نەتەوە نەبووە بەڵکو لە فۆڕمی هۆزی هیندۆئەوروپییەکان بووە کە دواتر لەسەردەمی دەوڵەتی ماددەکان کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە بۆ نزیکەی (700) ساڵ فەرمانڕەوایەتی پەیڕەوی ئاینی (زەردەشت) یان کردووە .

ئاینی زەردەشتی ( مەزدایەسنا)

زەردەشت وەك پەیامبەری هۆزوتیرەکانی گەلانی ئاری بوو لەسەدەی (7 ی پ . ز) لە وڵاتی میدیا، بیروباوەڕی ئەم پەیامبەرە پەرپاکردنی شۆڕشێك بوو بۆ چاك کردن و گۆڕین و یەکخستنی خەڵکەکە، بەشێوەیەك کە لەسەردەمی ئەردەشێری یەکەم بووە ئاینی فەڕمی دەوڵەتی ساسانییەکان .

بەگشتی ئەم ئاینە جیهان وەکو ململانێیەکی بەردەوام دەبینێت لە نێوان هێزی پاك و هێزی خراپەدا . خواوەندی ( ئاهورامەزدا) کە خودای چاکەو حیکمەتە، دروستکەروپێکهێنەری ئەم جیهانەیە، ( ئەهریمەن ) یان ( ئەنگرامەنیو) ڕووح خراپەکانن کە بەبۆچوونی ئێمە شەیتانی سەرزەمین و ناوهۆشی مرۆڤەکانە لە هەڵسوکەوتە خراپە دووبارەبۆوەکان.

کتێبی ئاینی زەردەشتی ( ئاڤێستا ) بووە، کە زمانەکەشی زمانی ئاڤێستای پێ گوتراوەو لە پێنج بەش پێك هاتووە بەم شێوەیە:

1- یەسنا

2- ڤیسپەرد

3- ڤەندیدات

4- یەشتی

5- خوردە ئاڤێستا

لەلایەکی ترەوە دەتوانین ئاماژە بە هەندێ تێڕوانین و ئاینی تری کۆنی کوردان بکەین پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بەم شێوەیە:

1- لە ئەشکەوتی شانەدەر ڕێوڕەسمی ناشتنی مردووەکان هەبووە ئەمە بەم واتایەی (ئاین ) یان هەبووە، جگە لە دیاردە سروشتییەکانی تر.

2- جولەکە هاتۆتە کوردستان بەڵام کورد نەبۆتە جولەکە ( چونکە ئاینی جولەکە ئاینێکی داخراو بووە ) . جگە لە پاشماوەی ئەم ئاینە لە (شاری کۆیە ) کە بە (بن جوو ) ناویان دەرکردووە بەڵام نەبوونەتە جولەکە یان وەرنەگیراون لەم ئاینە.

3- ئاینی زەردەشتی لە کوردستان پاشماوەوجێگەی هەبووە و بووەتە دینی فەڕمی هەخامەنشینەکانیش کەواتە سەپێنراوە ئەم ئاینەی کورد، کورد زەردەشتی بووە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆکرد.

4- ئاینی مەسیحی بەچەك نەهاتۆتە کوردستان، چەند گەڕاڵەك (مبشیر ) هەبوونە کە هاتونەتە کوردستان لەوانە ( ئەردەشێر و چەندانی تر)، کە ئاماژە بەوە دەکرێ کە (هەولێر) بەئارەزووی خۆی لەو سەردەمە زۆری بووبێتە مەسیحی لە ڕێگەی (موژدەدەرەکان ) ئەم ئاینە بڵاوبۆتەوە.

2- ئاینی کورد دوای هاتنی ئاینی ئیسلام

هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ناو کوردستان و کوردان بووە هۆی بەرپاکردنی جەنگ و شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەی جیاجیا، کە دواجار بەشێکی زۆری (کوردان) ی کردە موسڵمان، بەواتایەکی تر لەدوای ئاینی زەردەشتی ئاینەکانی تر بەشێکی زۆریان بوونە موسڵمان و چوونە ژێر پێڕەوی پرۆگرامەکانی ( ئاینی ئیسلام).

هاتنی ئەم ئاینە پیرۆزە بووە هۆی باوەرداری لەلای زۆربەی کوردان و خەڵکی کوردستان، ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوبۆوە بەڵام لەسەدەی (12) دا بەهۆی داگیرکاری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ئاینی ئیسلام بەسەر زۆربەی کورد دا سەپێنرا

بەگشتی موسڵمانان باوەڕیان بە خودا هەیە ئەویش (الله ) یە، وە پێغەمبەر (محەممەد (د.خ ) لەگەڵ باوەرداری بەڕۆژی دوایی و زیندوبوونەوە.

لەهەندێك سەرچاوەدا باس لەوە دەكرێ كە بەشێك لە كوردەكان لەبری بوون بە موسڵمان سەرانەیان دەدا بە پێی ئەو ڕێككەتننامەیەی كە لە نێوان سوپای موسڵمانان و ( مەرزەبان ) والی ئیمپڕاتۆرییەتی ساسانییەكان مۆركرابوو كە بریتی بوو لە پارێزگاری و پابەندبوونی كوردەكان بەگیان و ماڵ و سامان و بیروباوەڕی ئاینییان بەرامبەر بە پێدانی سەرانە.

لەڕووی مەزهەبەوەش كوردان دابەشبوون بەسەر دوو ڕێباز، ئاوانیش مەزهەبی (سوننە) كە 75% كورد پێك دێنن و 20% یشی مەزهەبی شیعەن و هەندێكیش لەسەر پێڕەوی كەمینەئاینییەكانن

3- كەمینەئاینەكان لە كوردستان

ئەمانە ڕێژەیەكی كەم و جیاوازن لەسەر پێڕەوی هەندێ ئاینی تر تا ئێستاش بەردەوامن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- ئایینی مەسیحی.

2- ئایینی ئێزیدی.

3- ئایینی كاكەییەكان.

4- ئایینی جولەكە.

5- ئایینی سائیبەكان (مەندائییەكان).

تەوەری دووەم : جەژن و بۆنەكان

كەلتور و داب و نەریتی كوردان

ئەم بابەتە بە ژیانی خێزان و چینەكانی كۆمەڵگەی كوردان بەستراوەتەوە، بەشێوەیەك خێزان بنەمایەكی گرینگ و سەرەكی كەلتور و داب و نەریت لە كۆمەڵگەی كوردەواری پێك دێنێت .

لە لایەکی ترەوە دیاردەی عەشیرەت و عەشیرەتگەرایی و ژیانی کۆچەری و نیشتەجێ لە داب و نەریتە باوەکانی کوردان دا ڕەگی داکوتاوەو وەکو کەلتورێکی تایبەت بەنەتەوەی کورد باسی لێوە دەکرێت، هەروەها لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەناو کوردان دا چینی کرێکار وەك پەیوەندییەکی تری ژیانی کۆمەلایەتی پەیدابووە کە بەیەکێك لە چینەکانی کۆمەڵگە ئەژمار دەکرێت.

جەژنی نەورۆز

ئەم جەژنە سیمبول و هێمای ڕۆژ و ساتی تازەبوونەوەی گەلی کوردانە، کە لە (21 ی ئازار (یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهار ) ) دەست پێدەکات و بەسەرەتای ساڵی تازەی کوردی دادەنرێت . نەورۆز واتە ڕۆژی نوێ، کە ڕۆژی ئاوابوونی زستان و ڕۆژە سەختەکانە و سەرەتای بەهارێکی تەڕو سروشتێکی پاکی خاکی کوردانە.

جەژنی نەورۆز پێشینەیەکی دوورو درێژی هەیە و کۆنترین چەژنی کوردانە.

جل و بەرگی کوردی

بەرگی پیاوانە و ئافرەتانی کوردان بریتییە لە (کڵا و سەرپۆش و جل و بەرگ و پێڵاو و کڵاش ) . دورین و بەکاربردنی هەیەك لەو بەرگانەش بەپێی وەرزەکان و جۆری کارەکەو ڕێو ڕەسم و بۆنەکان و ئاهەنگەکان دەگۆڕێت و جیادەکرێتەوە، لەڕووی داچۆشینی لەش و لاری مرۆڤ وەك یەکن .

پێش پێشکەوتنی پیشەسازی قوماش و پێڵاو و هاوردەکردنیان بۆ کوردستان، هەموو پێداویستییەکانی جل و بەرگ و پێڵاوی کوردی لە پیشەسازی ناوخۆیی بووە و هەر لە ناوخۆدا چنراون و بەدوورین یان دروستکردن دراون .

جل و بەرگی کوردی یەکێکە لە جوانترین و ڕازاوەترین جلی نەتەوەی کوردی، کە دەگمەن و بێ وێنەیەو مۆرکی نەتەوەیەکە . جیاوازی لە هۆزو شێوازی ئاخاوتنی جیاوازەوە کاریگەری لەسەر جیاوازی جۆری جلەکە کردووە، سروشتی کاریگەری لەسەر دیزاینی هەبووە و بەپێی سەردەم گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە.

هەڵپەرکێی کوردی (شایی

سەبارەت بەم بابەتە دەکرێ ئاماژە بە توێژینەوە شوێنەوارناسییەکان بکەین لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، کە هەندێ وێنەی هەڵپەرکێی (شایی کوردی ) لەسەر گۆزەو بەردەقورینەکان دۆزراوەتەوە کە ئاماژەن بە کۆنی و دێرینی مێژووی هەڵپەرکێی کوردی .

هەڵپەرکێ چەندین جۆری هەیە بەڵام بەگشتی لە دوو جۆری ( شایی بۆ خۆشی دەربڕین ) و ( شایی جەنگاوەری بۆ کاتی جەنگ ) پێکهاتووە . بەشیوەی ئاسایی لێهاتووترین ئەو کەسانەی شایی کوردی دەکەن، دەبنە سەرۆکی دەستەکە و بەناوی ( سەرچۆپی کێش ) ناو دەبرێت و یەکەم کەس دەبێت لە ڕێزبەندی ئەوانەی هەڵپەرکێ دەکەن . سەرچۆپی کێش بە ئەنجامدانی جوولە جوان و لێهاتوانە و بەهۆی دەستەسرێك کە لە دەستی ڕاستی دایە، لەگەڵ ئەو دەنگ و هەرایانەی بە شادیەوە دەریان دەبڕێت، گروپەکە بەڕێوە دەبات و هەندێ جار وێڕای جۆشدانی هەستی تاقمی شایی، بەرپرسیاریەتی خێراو هێواش کردنی تاقمەکەی لە ئەستۆیە.

# مێژووی سیاسی و ڕامیاری

1- میرنشینە کوردییەکان

2- حکومەتە کوردییەکان

3- پەرلەمانی کوردستان

## میرنیشینە کوردییەکان

مێژووی سیاسی کورد دوای ئیمپڕتۆریەتی گەورەی ماددەکان کە لە سەدەی (7 ی پ . ز ) بوو چەند میرنشینەك بەپێی سەردەمی جیاجیاو بەدوای یەکدا فەرمانڕەوایی ناوچەجیاوازەکانیان کردووە ( ) . کە وەکو حکومەت و دەوڵەت هەڵسوکەوتیان کردووە، بەڵام دواتر بەهۆی دەوڵەتی سەفەوی ( فارسەکان ) و دەوڵەتی عوسمانی ( تورکەکان )، سەرجەمیان ڕووخاون، لێرەدا ئاماژە بە گرینگترین میرنشینەکان دەکەین و بە کورتی دەیانخەینەڕوو کە ئەمانەن:

1- میرنشینی ئەردەلان.
2- میرنشینی بادینان.
3- میرنشینی سۆران.
4- میرنشینی بابان.
5- میرنشینی هەکاری.
6- میرنشینی بۆتان.
7- میرنشینی بەدلیس.

## میرنشینی بادینان

ئەم میرنشینە لەلایەن شێخ بەهائەددین شێخ شەمسەددین دەمەزرا کەلەناوچەی شەمزینانی هەکاری هاتۆتە ئامێدی لە 1262 . سنووری ئەم میرنشینە لە لە ڕۆژئاواوە میرنشینی بۆتان و لە باکوورەوە میرنشینی هەکاری و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە میرنشینی سۆران بوو، واتە سێ میرنشینی تری کوردی هاوسنووری بوونە .شاری ئامێدی وەك پایتەختی میرنشینەکە بووە و شارەکانی زاخۆو ئاکرێ و دهۆکی گرتۆتەوە بە (25) میر دەستەڵات بەڕێوەبردن درێژەی کێشاوە .

وەك لە سەرچاوەكان باس دەكرێ كە ئەم میرنشینە تابایی و دۆستایەتی نزیكی لەگەڵ میرنشینی سۆراندا هەبووە لەسەردەمی (میر مرادخان ) كە هاوژینەكەی خوشكە میری سۆران بووە .دوای مردنی ( میر ئیسماعیلی بادینان ) میر محەممەدی میرنشینی سۆران ئەم میرنشینەی خستە ژێر دەستی خۆی و هەردوو میرنشینەكەی كردە یەك میرنشین.

میرنشینی سۆران.

دامەزراندنی ئەم میرنشینە لەلایەن (كەڵۆس) ی كوردەوە بوو كە ناوبانگییەكی بێوێنەی هەبووە. لەسەردەمی میر مستەفادا دەستەڵات و پێگەی ئەم میرنسینە فراوان دەبێت و لە 1813 دا دەستەڵات دەداتە كوڕەكەی كە ناوی (میر محەممەد)ە و پیاوێكی لێهاتووبەناوبانگ بووە بە (پاشا كوێرە) ناوبانگی دەركردبوو . ئەم پاشایە لە 1816 كارخانەیەكی چەكی لە (كاولۆكان) لەنزیك ڕەواندز دروست كرد كە تایبەت بوو بە دروستكردنی شمشێرو تفەنگ و گوللە و تۆپ و .... .

ئەم میرنشینە ڕووبەڕووی ململانیَ و پێكدادانی زۆر بوویەوە لەگەڵ عوسمانییەكان كە دواجار لە 1836 رەشید پاشای عوسمانی بە شەڕێكی قورسەوە توانی ئەم میرنشینە لاواز بكات و میر محەممەدی سۆرانیش خۆی چووە ئەستەمبول و لەلایەن سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانی هەچەندە ئازادكرا بەڵام لە گەڕانەوەدا بۆسەیان بۆ داناو میری سۆرانیان بەشێوەی بێ بەڵینی كوشت و كۆتایی بەمیرنشینەكە هێنرا

2- حكومەتە كوردییەكان

نەتەوەی كورد لەدوای نەمان و ڕووخاندنی میرنشینەكانی و شەڕی چاڵدێران و ململانێی عوسمانی و سەفەوییەكان و ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و ڕاپەرینەكانی دەڤەری بۆتان و شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری دا، لەسەدەی بیستەم دا چووە قۆناغێكی تر لە بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و حوكمڕانیدا .

لەسەدەی بیستەم دا مێژووی سیاسی كورد بە زنجیرەیەك بەركەوتەی جیاوازدا ئاراستەو هەنگاوی جیاوازی نا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- پەیمانی سایکس بیکۆ لە 1916 دا
2- جەنگی جیهانی یەکەم لە 1914 – 1918
3- پەیمانی سیڤەر لە 10 ی ئابی 1920
4- پەیمانی لۆزان لە 24 ی تەموزی 1923
5- شۆرشی شێخ سەعیدی پیران لە کوردستانی باکوور
6- شۆرشەکانی شێخ مەحموودو یەکەمین ئەنجوومەنی وەزیران لە مێژووی کورد دا
7- شۆرشی ئارارات و دەرسیم

8- شۆڕشەکانی بارزان و کەسایەتی مەلا مستەفای بارزانی 1943 - 1945
9- جەنگی جیهانی دووەم 1939-1945
10- کۆماری کوردستان 1946
11- دامەزراندنی چەندین پارت وڕێکخراوی سیاسی لە (1945) بەدواوە
12- 14 ی تەمووزی 1958 عبدالکریم قاسم و گەڕانەوەی بارزانی
13- شۆرشی بارزان لە 11ی ئەیلولی - 1961
14- کودەتای 8ی شوباتی 1963 بەعسییەکان
15- کودەتای 18 ی تشرینی دووەمی 1963 ( عبدالسلام عارف و عبدالرحمان عارف)
16- کودەتای دووەمی بەعسییەکان لە 17 ی تەموزی 1968
17- بەیانی 11ی ئازاری 1970 و مۆرکردنی رێککەتننامەی سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکومەتی عێراقی
18- هێرشی حکومەتی بەعس بۆ سەر کوردستان لە ئازاری 1974
19-ڕیککەوتننامەی جەزائیر لە 6ی ئازاری 1975و نسکۆی شۆرشی ئەیلول
20- هەڵگیرساندنەوەی شۆرش لە 1976
21- هەڵمەتی ڕەشی ئەنفال 1988
22- ڕاپەرینی ئازاری 1991
23- کۆڕەوە ملیۆنییەکەی کورد لە ئازاری 1991

سەبارەت بەو حكومەتانەی كە كورد خۆی دیمەزراندووە لە سەدەی بیستەم دا، بەشێوازی حوكمكردن وخەباتی گەلەكەی بەپێی قۆناغ و سەردەمێكی جیاوازتر لە مێژوو دا، كە بەئاراستەی سنوورو دروستكردنی دەوڵەت هەنگاوی ناوە، جگەلە شۆڕشەكانی شێخ مەحموود كە مێژوونووسان ئاماژە بە دەسكەتی باشی شۆڕشەكانی شێخ مەحموود دەكەن، بەتایبەتی كە یەكەمین ئەنجومەنی وەزیران لە مێژووی كورد دا لە سەردەمی ئیدارەی دووەمی شێخ مەحموود لە ساڵی 1922ز لە شاری سلێمانی پێك هات، شێخ قادری حەفیدی برای شێخ مەحموود بوو بە یەكەم سەرۆك وەزیرانی كورد لە مێژوو دا . دوو حكومەتی تری كوردی دروست بوونە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەكەم : كۆماری كوردستان

كۆماری كوردستان لە (22 ی كانوونی دووەمی 1946 ) لە مەهاباد لە كوردستانی ڕۆژهەڵات دامەزرا، كە زۆر سەرچاوە بە كۆماری مەهاباد ناوی دەبەن چونكە لەو شارە دامەزراوە، ئەگینا ناوی ( كۆماری كوردستان) ە .

ئەم كۆمارە لەسەر دەستی پێشەوا ( قازی محەممەد ) دامەزرا، كە هەر خۆشی لە (11 ی شوباتی 1946 ) واتە لە هەمان ساڵدا بەسەرۆك كۆماری كۆمارەكە هەڵبژێردراو،

ئەنجوومەنی وەزیرانی تێدا پێك هێنرا، بەم شێوەیەی خوارەوە :

سەرۆك وەزیران : حاجی بابەشێخ .

محەممەد حوسێن سەیفی قازی : وەزیری جەنگ .

محەممەد ئەمین موعینی : وەزیری ناوخۆ .

لەگەڵ یانزە وەزیری تر بۆ وەزارەتەكانی تر .

شایانی باسە ئەم كۆمارە تەمەنێكی كورتی هەبوو، كە یانزە مانگی خایاند، ئەوەبوو لە (17 ی كانوونی یەكەمی 1946) لەسەردەستی هێزەكانی ئێران، كۆتایی بەیەكەم كۆماری كوردی لە مێژوودا هێنرا و لە (31 ی ئاداری 1947 ) قازی محەممەد و هاوڕێكانی لە گۆڕەپانی ( چوارچرا ) لە مەهاباد كە هەمان شوێنی ڕاگەیاندنی كۆمارەكەبوو لە سیدارەدران .

چەند خاڵێكی گرینگ لەم كۆمارەدا

1- یانزەمانگی تەمەن بوو بەڵام لە ڕووی سەربەخۆیی کوردستان و زمان و ڕۆشنبیری و ڕۆنامەگەری و کتێبخانەو چاودێری کۆمەڵایەتی و مافی ئافرەتی کورد لە ژیانی سیاسی و بازرگانیدا، دەگمەن و کاریگەر و پێشکەوتووبوو.
2- بەپاڵپشتی یەکێتی سۆفیەتی ئەوکات دامەزرێنرا هاوشانی دامەزراندنی کۆماری ئۆتۆنۆمی ئازەربایجان لە (12ی کانوونی یەکەمی 1945
3- لاوازی هەستی نەتەوایەتی ئەوکات بووە هۆکاری سەرەکی ڕووخانی کۆمارەکە.
4- پشتگیریکردنی (مەلا مستەفای بارزانی ) لە کۆمارەکە، ئەوەبوو کە بارزانی لە کوردستانی عێراق ڕووی کردە کۆمارەکەو بەباشترین هێزی چەکداری پاڵشتی کۆمارەکەی کردووەو دوای خۆبەدەستەوەدانی (پێشەوا قازی) ش لە بەرگریدا بەردەوام بووە تا پەڕینەوەیان لە ڕووباری ئاراس و بوون بە پەنابەر لە یەکێتی سۆفییەت.

دووەم : حکومەتی هەرێمی کورستان

ئەم حکومەتە دوا حکومەتی کوردو کوردستانە لە سەدەی بیستەم دا کە تاکو ئێستا بەردەوامی هەیە . حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (4-7- 1992) لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان دامەزراوە، ئەم ئەنجوومەنەش یەکەمین پەرلەمانی هەڵبژێردراوبووە لە مێژووی سیاسی کوردو کوردستان، بەشێوەیەکەکی دیموکراسی لە کوردستان و لە عێراق و پارچەکانی تری کوردستان .

شایانی باسە دوای دامەزراندنی ناچەی دژەفڕین بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لە توندوتیژییەکانی ڕژێمی پێشووی بەعسی عێراق لە 1991، ئەم حکومەتە دروست بوو . ڕووبەری هەرێمی کوردستان (78736 کیلۆمەتردووجایە ) کە دەکاتە زیاتر لە (18%)ی کۆی ڕووبەری وڵاتی عێراق .

ئەم هەرێمە پێك دێت لە چوارپارێزگای ئازادکراو کە (هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە )یە و پارێزگایەکی ئازاد نەکراو کە ( کەرکوك ) ە، لەگەڵ چەند قەزاوناحیەکی سەربەپارێزگاکانی عێراق کە هەندێکیان ئازاد کراون و هەندێکیش تاکو ئێستا بەعەرەبکراون و دەستایان بەسەر داگیراوە، ئەوانیش : ( ناحیەوقەزاکانی پارێزگای نەبنەوا جگەلە قەزاکانی موسڵ و بەعاج و حەزەر)، ( قەزاکانی خانەقین و مەندەلی و

کفری جگەلە ناحیەی بەلەدروز لە پارێزگای دیالە )، ( ناوەندی قەزای بەدرە لە
. ( پارێزگای واست
ئەم هەرێمە هەرێمێکی فیدڕاڵی و نەتەوەیی و ئابووری ئۆتۆنۆمییە لەناو کۆماری عێراق دا . لەلایەکی ترەوە سنووری جوگرافیاکەی لە ڕۆژ هەڵاتەوە کۆماری ئیسلامی ئێرانەو لە باکورەوە کۆماری تورکیایە و لە ڕۆژئاواوە کۆماری سووریایە، کەهەر سێ وڵات پارچەی کوردستانی گەورەیان بردووە . شاری هەولێر پایتەختی ئەم هەرێمەیەو هەشت کابینەی حوکمڕانی لەم حکومەتە فەرمانڕەواییان کردووە، هەرکابینەیەك سەرۆك وەزیران و جێگر وچەندین وەزیری تێدابووە لە گشت بوارەکاندا .سەرەڕای ئەمانەش چەندین پارتی جیاجیا بە ئایدیۆلۆژیای جیاواز پێکهێن و ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتەکە بوونە، لەوانەش ( پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، نەوەی نوێ، (بەرەی تورکمانی وکلدان
. و ئاشووروی )یش وەك کەمینەنەتەوەکانی تر تێیدا ڕۆڵ و کاریگەریان هەبووە
ئەم حکومەتە لەو ساڵەوەی دامەزراوە تووشی چەندین ململانێی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆتەوە، کە گرینگترینیان : ( شەڕی ناوخۆی حیزبەکان و شەڕی ئازادکردنی عێراق و شەڕی داعش و...هتد )، کە بەکۆمەڵێك قەیرانی جۆراوجۆرەوە هێشتا متمانەی نێودەوڵەتی لە پشتەو توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش لەسەر پێی خۆی بوەستێ و پەیامی بەرزی ئاڵاکەی بداتە گوێی ناحەزەکانی . شایانی باسە هەرکابینەیەکی ئەم حکومەتە کۆمەڵێك دەستکەوتی بۆ نەتەوەکەی دەستەبەرکردووە، کە مێژوو ناتوانێت نکۆڵی لێ
. بکات

5- پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان لە 1992 لە دوای سازدانی یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە لە مێژووی هەرێم و هەر بەشێکی تری عێراق و پارچەکانی تری
. کوردستان دا، دامەزرا
شایانی باسە کە بەمەستی پاراستنی هاوڵاتیانی کوردستان لە هێرشەکانی سوپای عێراقی، دوابەدوای جەنگی کەنداوی 1991، وڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسا ناوچەی دژەفڕینیان لەسەر ڕووی هێلی پانی (36) دامەزراند کە بەسەر سنووری کوردستانی عێراقدا درێژ دەبێتەوە . لەسەر زەمینیشدا، ناوچەیەکی ئارام لە لایەن سوپای سەربازی (11) وڵاتەوە دانرا، کە بەبڕیاری (688) بڕیاری لێ درابوو . دیاریکردنی ئەم

جموجۆڵی سیاسی و عەسکەرییە، پاڵپشتییەکی بەهێزوناوەکی بوو بۆ گەڕانەوە ئەو خەڵکەی کە لە (کۆڕەوە ملیۆنییەکە ) دا کوردستانیان جێهێشتبوو، لەگەڵ ئەوانەشی کە لە حەفتاکان کوردستان جێهێشتبوو .دواتر لە 1991 (سەدامی دیکتاتۆر) هێزەکان و دام و دەزگائیدارییەکانی لە ناوچەکانی کوردستان کشاندەوە . سەرباری هەموو ناخۆشی و قەیرانە ئابوورییەکان کە بە هۆی ئابلوقەی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر عێراق دانرابوو، ڕژێمی بەغدا ئابلوقەیەکی تری ناوخۆیی بەسەر هەرێمی کوردستان دا سەپاند، بەراگرتنی ناردنی خراك و دەرمان و سووتەمەنی و بڕینی کارەبا و ڕێگرتن لە چوونی خەڵکی کوردستان بۆ ناچەکانی عێراق .ئاشکرایە کە سەرباری هەموو ئابلوقەکان، بەرەی کوردستانی ئەوکات کە هاوپەیمانیەتێکی هێزەسیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بوو، بڕیاری دا هەڵبژاردنێکی گشتی ئەنجام بدات کە:

1- بەمەبەستی ئیدارەیەکی سەربەخۆی کوردی بوو.

2- خزمەتکردنی هاوڵاتیانی هەرێمەکە بەگشت پێکهاتەجیاوازەکان

3- پەرۆشی خەڵکەکە بۆ هەڵبژاردن

4- بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە 19-ئایاری 1992

5- یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەبوو

6- چاودێری بیانی سەرپەرشتیان کرد

7- کۆتاییهێنان بە ڕژێمی دیکتاتۆرییەت مۆرکرا

8- لە 4-7-1992 یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی سازکرا

9- لە 4-7-1992 حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمتمانەی پەرلەمانی ڕاگەیەنرا

10- لە 2009 ناوەکەی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان کرا بە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

11- نوێنەری گشت پێکهاتەوهێزی سیاسی بەعەلمانی و ئیسلامی تیایداکۆبوونەوە و بڕیاروڕاسپاردەی گرینگی تیادرا

12- لە 25 ی ئەیلولی 2017 ڕیفراندۆم کرا بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان

جوگرافیای کوردستان
تەوەری یەکەم : سروست و سەرچاوەئاوییەکانی کوردستان
تەوەری دووەم: ئابوری کوردستان
تەوەری سێیەم: کوردستان وەك هەرێمێکی گەشتیاری

تەوەری یەکەم: سروشت و سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان

ئاووهەوای کوردستان
ئاووهەوای هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی نزیکە لە ئاووهەوای ئیستیوائی و تێکڕای باران بارین لە ساڵێکدا لە نێوان (200 – 400 ) ملم و لە ناوچە دۆڵاوییەکانی نێوان شاخەکان لە نێوان (700 -1000) ملم و جارجاریش دەگاتە ( 3000) ملم، کە ئەم ناوچانەش زیاتر بەدارستان داپۆشراون و چەندین ڕووبار و زێ و جۆگەیەکی تێدا هەڵدەقوڵێت، بەگشتی پلەی گەرمی کوردستان لە نێوان هەوایەکی بیابانی گەرم و هەوای ساردی دەریای ناوەڕاستە لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی جیاوازی هەیە . جیاوازی نێوان بەرزی و نزمی پلەی گەرما لە نێوان (80 ) پلەیە ئەوە لە ڕوانگەی دوورترین خاڵی باکوور و باشوور، کە لە باکووری کوردستان لە نێوان ( 30 – 35) پلەی ژێر سفرە، بەڵام لە باشووری کوردستان بەرزدەبێتەوە لە ( 40 – 50 ) پلەی گەرمی، بەتایبەتیش شاری هەولێر وکەرکوك و خانەقین .
سەبارەت بە باران و بەفریش لەناوچەشاخاوییەکاندا تا بەرەو باکوور بەرزبینەوە زیاتر دەبارێت و بەفری ئەستوورتر دەکەوێت، کەلە هەندێ ناوچەدا ئەو بەفرانە تا وەرزی هاوینیش دەمێننەوە، بەڵام لە ناوچە دەشتاییەکانی باشوور و ڕۆژئاوا تا بەرەو خوارەو بێینەوە باران کەم دەبێتەوە، بەفریش بەکەمی دەبارێت و زوو دەتوێتەوە .

خاکی کوردستان ( تایبەتمەندی مرۆیی)
بەگشتی خاك و زەوی کوردستان بەپیت و بەرەکەتە، کە گونجاوە بۆ کشتوکاڵ و کێڵگەی پەلەوەری و سوود وەرگرتن لە کانزاومادده جیاوازەکانی زەوی و زۆری نەوت و ئابوورییەکی بەهێز بۆ ئێستاوئاینده .

کوردستان ڕووبەرەکەی نزیکەی ( 536000 کم2)، کە ( 21.5892کم2) لە تورکیایە، (21.7776کم2) لە ئێرانە، ( 87.117کم2) لە عێراقە، (15.264کم2) لە سوریایە .
درێژایی خاکی کوردستان لە باکوور تاکو باشوور نزیکەی (1300کم) ە، پانییەکەشی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا نزیکەی (570کم ) ە، ئەو پانییە لە باکوورەوە بەرەو باشوور گۆڕانکاری بەسەر دادێت و وەکو یەك نییە، ژمارەی دانیشتوانی لە نێوان (25 تا 45 ) ملیۆن کەس دەبێت .
دابەشبوونی دانیشتوانی کوردستان لەسەر خاکی کوردستان وەك (تایبەتمەندی مرۆیی کورستان ) ئەژماردەکرێت، کە لەسێ ڕەهەندەوە دابەش دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە :

1- ڕەهەندی دابەشبوون بەپێی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان:
بەم شێوەیەی خوارەوە:
پێکهاتەی نەتەوەیی پێك دێت لە : ( کوردو تورکمان وو عەرەب و عەجەم و فارس و کلدان و ئاشووری ئەرمەنی).
پێکهاتەی ئاینی پێك دێت لە : ( ئاینی زەردەشت و ئاینی ئیسلام (سوننەی شافعی وحەنەفی و حەنبەلی و مالیکی ) و (شیعەی ئەهلی حەق و کاکەیی و شەبەك و عەلەوی ) و ئاینی ئێزدی و ئاینی یەهودی.

2- ڕەهەندی دابەشبوونی دانیشتوان بەپێی ژینگە:
مەبەست دابەشبوونی دانیشتوانی بەپێی شاروگوند، کە ژمارەی شارنشین زیاترە لە ژمارەی لادێنشینەکان، کەئەمەش هۆکارێکی سیاسییە ئەگینا دەبوو بە پێچەوانەبووایە.

3- ڕەهەندی دابەشبوونی دانیشتوان بەپێی قەبارە:
کە بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر چوارپارچەی سەرەکی کوردستان بۆ چوار دەوڵەت دابەشبووە:
1- تورکیا ( باکووری کوردستان ) کە زیاتر لە (20 ملیۆن کورد).
2- ئێران ( ڕۆژهەڵاتی کوردستان ) کەزیاتر لە ( 10 ملیۆن کورد).
3- عێراق ( باشووری کوردستان ) کە زیاتر لە ( 6 ملیۆن کورد).
4- سوریا ( ڕۆژئاوای کوردستان ) کە زیاتر لە (2 ملیۆن کورد).

2- سەرچاوەئاوییەکان

کوردستان نەکەوتۆتە سەر دەریا یان ئۆقیانووسە گەورەکان تاکو بە وڵاتەکانی جیهان ببەسترێتەوە، بەڵام سەرچاوەی ئاوی ناوخۆیی زۆرەو بە سەرچاوەی گرینگ دادەنرێن بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا، چونکە زێیەکانی کوردستان دەڕژێنە دەریا گەورەکانی وەکو : (کەنداوی عەرەبی و زەریای خەزەر و دەریاچەکانی وان و ورمێ...هتد)

گرینگترین سەرچاوەئاوییەکانی کوردستان ئەمانەن:

یەکەم : ڕووبارەکان

لە کوردستان دا چوار ڕووباری گەورە هەن، ئەوانیش:

1- ڕووباری ئاراس

2- رووباری دیجلە

3- رووباری فورات

4- رووباری قیزیل ئۆزۆن

دووەم : زێیەکان

زێ لە ڕووبار بچوکترە، گرینگترین زێکانی کوردستان ئەمانەن:

1- زێی گەورە

2- زێی بچووك

3- زێیەکانی بەتلیس و بۆتان لە باکوری کوردستان

4- زێی سیروان لە رۆژهەڵاتی کوردستان

سێیەم : دەریاچەکان

گرینگترینیان ئەمانەن

1- دەریاچەی وان لە باکووری کوردستان

2- دەیاچەی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

3- دەریاچەی گوولجوك لە باکووری شاری دیاربەکر.

4- دەریاچەی زرێبار لە ناوچەی سنە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

5- دەریاچەی دۆکان لە کوردستانی باشوور .

تەوەری دووەم : ئابووری کوردستان

: لەم ڕەهەندە گرینگانە پێك دێت

یەکەم : کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵداری

ئەم دوو سامانە لە کوردستان بەدوو سەرچاوەی گرینگی ئابووری دادەنرێن، شان بەشانی یەکتری، بەشێوەیەك کشتوکاڵ بووە هۆی ناچارکردنی مرۆڤی کورد کە لە ئەشکەوتەکاندا بێتە دەرەوە و گرینگی بدات بە دروستکردنی خانووگوند بە مەبەستی خۆپاراستن و حەوانەوەی خۆی . هەروەك لە سەرچاوەکاندا باس دەکرێ کە گوندی (چەرمۆ) لە هەرێمی کوردستان لە نزیك چەمچەماڵ بەیەکەم گوند دادەنرێت لە جیهاندا کە تاکو ئەمڕۆش بەکۆنترین گوندی . کشتوکاڵییە کە دۆزرابێتەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (10000 – 60000) ساڵ لەمەوبەر

سەرچاوەکشتوکاڵییەکان سەرەتا دانەوێڵەو چاندنی سەوزە بووە، دواتر سامانی تری ڕووەکی لە گرینگی دان بە دارودارستان، کە چەندین داری جۆراوجۆر لەم خاکە بوونی هەیە وەك :
بەڕوو گوێز، بادەم و بادەمی کێوی، هەنار و سماق و توو سنەوبەر و بەڵڕوك و گێوژ ...
هەروەها چەندین گیای سروشتی کە بۆ کاری پزیشکی و بۆن و خۆراك و چارەسەری سروشتی . بەکاردەهێنرێن

سەبارەت بە سامانی ئاژەڵداریش لەم خاکەدا ئاژەڵی زۆر هەیە، چ ئەوانەی کێوین، چ ئەوانەی بەخێودەکرێن . مەڕو بزن و مانگا و بزنە کێوی و کەروێشکە کێوی وباڵندەی ماڵی و کێوی، . ... ) سەرچاوەی سامانی ئاژەڵن، کە سوودیان لە گۆشت و شیرو خوری و پێستەیان دەبینرێ

دووەم : پیشەسازی و نەوت و کانزاکان

لەکوردستاندا پیشەسازی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی نەکردووە، چونکە هەم وڵاتێکی سەربەخۆنییە، هەم نەوت ئەو بایەخەی زیاتر پێدراوە . هەرچەندە هەندێ کارگەی بچوکی

پیشەسازی دەبینرێ لە شارەکانی ( هەولێرو سلێمانی و دهۆك و دیاربەکرو کرماشان و سنەو عەفرین..هتد) لەبوارەکانی ( شیش و ئەلەمنیۆم و چیمەنتۆ و پلاستیکی جۆراوجۆر)

سەبارەت بەکانزاکانیش گەلێك کانزا لە کوردستان دا دەبینرێ، کە گرینگترینیان سامان و کانزای (نەوت ) ە، چونکە کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە بەسامانی نەوت و گازی سروشتی . ئەم سامانەش بۆتە مایەی کێشەو ململانێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی و تەنانەت (ناوخۆیش)، وای لە تەماحکارەکان کردووە بەدرێژایی مێژوو چاوی تێ ببڕن و خێروبێرەکەی کەم بکەنەوە . نەوت و بیرە نەوتییەکان لە هەموو شوێنێکی کوردستان دا بڵاوبۆتەوە، کە گرینگترینیان ئەمانەن :

1- کێڵگە نەوتی سەعرەت و باتمان لە کوردستانی تورکیا

2- کێڵگە نەوتی شاە ئاباد و قەسری شیرین لە کوردستانی ئێران

3- کێڵگە نەوتی (عەین زالە ) لە موسڵ و (باباگوڕگوڕ و بای حەسەن و زەنبوور ) لە کەرکوك و (شیواشۆك ) لە هەولێر و ( تاوکێ ) لە دهۆك و ( نەفتخانە ) لە خانەقین لەکوردستانی عێراق .

4- کێڵگەی نەوتی رمێلان لە کوردستانی سوریا

ئەمانەو چەندین کانزای تری وەکو ( ئاسن و مس و مەنگەنیز و فۆسفات و یۆڕانیۆم و گۆگرد و کرۆم و بەردی بەنرخ و،....) سەرچاوەو پێکهاتەی گرینگی ئابووری کوردستانن لە ئێستاو داهاتوودا

سێیەم : گەشت و گوزار ( کەرتی گەشتیاری)

ئەم کەرتە وەك سامانێکی تری ئابووری بایەخ و سوودی خۆی هەیە، کە بەسەدان هەزار کەس لە ناوخۆی کوردستان و ناوچەکانی تری دەوڵەتەداگیرکەرەکانی ڕووی تێ دەکەن . بۆنموونە هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەکی ئابووری گەشتیارییە، کە خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراق یان بەشەکانی تری کوردستان و وڵاتانی تر ڕووی تێ دەکەن بەتایبەتی لە جەژنەکان و بۆنەنەوەییەکان و گۆڕانە وەرزییەکان ( بەهار و زستان ) بەتایبەتی، کە ئەمانە سەرچاوەیەکی باشن بۆ هێنانەدی سەرمایەکی زۆر بۆ کوردستان و جموجۆڵی ئابووری بەهێزو بوژانەوەی کەرتەکە بەتایبەتی .

تەوەری سێیەم : کوردستان وەك هەرێمێکی گەشتیاری

1- شوێنەوارە مێژووییەکان

کوردستان جیهانێکی گەورە لە شوێنەوارو مێژووی مرۆڤایەتی لەناوچەکە نیشان دەدات، بەشێوەیەك کە شوێنەوارە مێژوویەکان دەتوانرێت وەك سەرچاوەیەکی گرینگی ئابووری بەڕووی گەشتیارەکان و ئەوانەی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن پشتی پێ ببەسترێت و بکرێتە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی باش بۆ سەرچاوەی داهات، ( هەرچەندە لەڕووە گەشتیارییەکەوە هەندێ سوود بینراوە لەم شوێنە مێژوویانەوە).

توێژینەوەکان کۆکن لەسەر ماوەی چاخەکانی پێش مێژوو کە مرۆڤ لە کوردستاندا بۆ یەکمجار کشتوکاڵی دێمی ئەنجامداوە لە ناوچە بەرزو نزمیە دەشتیەکان و دۆڵە فراوانەکان لە دوای ماوەیەکی کەم لە دوای چاخی بەردیندا ئەوەش لە نزیکەی (10هەزار ساڵ پ.ز).

بەگشتی، هەروەکو لە گرینگترین شوێنەوارەکانی کوردستان( ) ئەمانەی خوارەوەن:

1- ئەشکەوتی شانەدەر لە باشووری چیای برادۆست لە ناوچەی مێرگەسۆر

2- ئەشکەوتی هەزار مێرد لە باشووری پارێزگای سلێمانی

3- ئەشکەوتی زەرزێ لە شاخەکانی بەرامبەر سوورداش

4- شوێنەواری چەرموو لە ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ

5- دەربەندی گاوڕ بە دووری 45کم لە قەراداغەوە

6- ئەشکەوتی کوڕوکچ لە ناوچەی قزقەپان لە پشت گوندی شرناخەوە

7- ئەشکەوتی قزقاپان لە شاخەکانی سەرسەردی ناحیەی سوورداش

9-نەخشی چیایی شاخی هەریر لە دووری 1کم لە شارەدێی هەریر.

چیایی شاخی هەریر لە دووری 1کم لە شارەدێی هەریر.

2- شوێنەگەشتیارییەکان
لایەنێکی گرینگ و بنەڕەتییە لە سەچاوەی داهات و برەودان بە ئابووری کوردستان، دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان دەڵێ : ڕێژەی گەشتیاران ساڵ بەدوای ساڵ بەرەو زیادبوونە، کە مەبەستیانە ساڵ بە ساڵأ کوردستان لە ڕووە گەشتیارییەکە، بەرەو باشترو پێشتر ببەن، کە ئاماژە بەزیاتر لە ( 3 هەزار ) شوێنی گەشتیاری دەکرێ لە کوردستان، کەبەسەر پارێزگای ( هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە و کەرکوك ) دابەشبوونە لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستانی ( تورکیاو ئێران و سووریا )( ) .
ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، ئەوەیە کە تا ئاسایشی نەتەوەیی باشترو چاکتربکرێت ئەو لایەنەی ئابووری بەرەو پێشتر دەچێت و باشتر و بەردەوامیش کاری لەسەر دەکرێ .
لەلایەکی ترەوە بۆ بەرچاوڕوونی زیاتری گەشتیاران و بەرەوپێش چوونی کەتی گەشتیاری سەرچاوەکانی ( سۆشیال میدیا بەهەموو جۆرەکانییەوە لەگەڵ ڕیکلامە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ) کاری باشتر دێننەکایەوە بۆ هاتن و سەرنجی گەشتیاران .

لەهەرێمی کوردستان وەکو ئاماژەی پێکرا زیاتر لە ( 3000 ) شوێنی گەشتیاری هەنە، لەگەڵ هۆتێل و مۆتێل و ریستۆرانت، کە ژمارە و ڕێژەی جیاواز و زۆریان تێدا دەبینرێ( )، وەکو تاڤگەو هاوینەهەوارو گەشتوگوزاری ژینگەیی و ئەشکەوت و ئەو شوێنەوارانەی کە پێشتر باسمان کردن، بەڵام شوێنی گەشتیاری شیاو بۆ گەشتیاران کە بتوانن سەردانی بکەن نزیکەی (40) شوێنی گەشتیارین .

## مافی مرۆڤ

زانایان هەوڵی جیاوازیان داوە بۆ دیاریکردنی پێناسەیەك بۆ مافەکانی مرۆڤ هەندێکیان پێناسەیان کردووە کە"بەدەستهاتوو یەکی سرووشتیە پەیوەستە بە سروشتی بوونی مرۆڤ و روحی و هزری و غەریزە و مادی و لاشەی مرۆڤەکان". هەندیکی تر پێناسەیان کردووە کە

"ئەو مافەیە، مرۆڤەکان باوەڕیان وایە چێژی لێ وەربگرن لەبەر هۆکاری مرۆڤ بوونیان، بۆیە ئەم مافانە بەخشین نی یە لایەن کەسێك، ومۆلەتی ناوێ بۆ بەکارهێنانی لەلایەن دەسەڵاتەوە کە ناتوانی نەیبەخشی و نە بە پێچەوانەوە ڕێگری لێبکا".

لەلایەکی تریشەوە پێناسە دەکرێت بەوەی "کۆمەڵێك مافی سروشتیە کە مرۆڤ خاوەنداریێتی دەکات و لە پەیوەندە بە سروشتی مرۆڤەکانەوە هەیە ئەگەر دانیشی پێدانەنرابێت تەنانەت لەوە زیاتریش ئەگەر پێشێلیش بکرێت لەلایەن دەسەڵاتێك".

هەر بۆیە ئاسان نییە پێناسەیەکی گشتگیر و دروست بۆ مافەکانی مرۆڤ بکەین. وەك دەردەکەوت کە لە دوو بڕگە پێکدێت (مافەکان و مرۆڤ). مافەکان لەڕووی زمانەوانیەوە کۆی مافە واتا دروستی و جێگیری و ڕاستی، وە یەکێکە لەناوە جوانەکانی پەروەردگار هەروەها ماف بەشێکی پێویستە بۆ تاك بۆ کۆمەڵ. بەڵام مرۆڤ لەڕووی زمانەوانیەوە "زیندەوەرێکی زیندوو و بیرکەرەوەیە". لەڕووی ڕێزمانەوانیەوە "مرۆڤ ئەو زیندەوەرەیە کە لەلایەن پەروەردگار دروست کراوە بۆ پەرستنی خودا و نۆژەنکردنەوەی زەوی". هەر بۆیە مافەکانی مرۆڤ ئەو کردارەیە پێویستە و جێگیرانەیە بۆ تاك بۆ کۆمەڵ.

مافی یاسایی مرۆڤ پارێزراوە بۆ هەر کەسێك کە وەسفی مرۆڤی پێ ببەخشرێ، ئەم مافانەش کۆمەڵێك تایبەتمەندی لەخۆ دەگرن:

1- مافەکانی مرۆڤ ناکڕدرێ، و بەدەست نایە میرات نییە، بەشێوەیەکی ئاسایی خاوەنداریێتی تاکەکانە لەبەر ئەوەی مرۆڤن.

2- مافەکانی مرۆڤ یەکن بۆ گشت مرۆڤەکان سەرەڕای جیاوازی ڕەگەز وچین و ئایین و ڕای سیاسی یاخود هەر ڕایەکی تر، یان لەڕووی ناسنامە و لایەنی کۆمەڵایەتی هەموو لەدایك بووین بەئازادی و یەکسان لە کەرامەت و مافدا، مافی مرۆڤ جیهانیە.

3- مافی مرۆڤ زەوت ناکریت، بۆیە هیچ کەس نییە ڕێگر بێت لە بەدەست هێنانی مافەکانی، ئەگەر یاسای ناوخۆش دانی پێدانەنابێت یاخود پێشێلکار کرابوو لەڕووی یاساوە. هەروەها مافەکانی مرۆڤ جێگیرە و دەستاودەستی پێ ناکرێت.

4- تایبەتمەندیەکی تر، مافی مرۆڤ لە وڵاتە دیموکراسیەکان کارابوونە، بەواتای وڵات سورە لەسەر بنەما تیوەریەکانی مافەکانی مرۆڤ بکرێتە کردار، تاکەکان هەستی پێ بکەن لە ژیانی ڕۆژانەیان، وگشت دەسەڵاتەکانیش کۆکن بن لەسەر پاراستنی و ڕێگانادەن بە پێشێلکردنی، بەپێچەوانەی وڵاتانی تر، کە تەنها بەڕووکەش و دارشتنی دەقی دەستوری و یاسا

لەسەر پاراستنی کە تەنها وەك دەقێکی چەق بەستوو و بێ براکتیکردنی دەمێنێتەوە. و زۆرترین پێشێلکاری بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ دەکرێت بەناشیرینترین شێوە.

هەر بۆیە ئەو وڵاتانەی لەسەر بنەمای دامەزراوەیی ژیانی کۆمەڵگانیان ڕێکخستووە و پێوەری سەرەکی ئەم دامەزراوانەش بە دوور و نزیك لە مافەکانی مرۆڤ دەپێورێت، توانیویانە تا ڕادەیەکی زۆرباش ڕەزامەندی تاکەکانیان بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن و کۆمەڵگایەکی مەدەنیش لەسە ربنەمای یەکسانی لە ئەرك و فەرماندا، ڕێزگرتن لە ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکان بەیەکسانی لەبەرامبەر یاسا بەرجەستە بکەن، و تێڕوانین کە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی ڕێزدار و بەهادار لەخودی خۆیدا بهێنێتەکایەوە. هەر ئەمەش وایکردووە سیستەمێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وا بنیات بنێت کە هەمیشە بەرژەوەندی گشتی بخاتە سەروی بەرژەوەندی تاکەکانەوە.

ئەو وڵاتانەش کە خۆیان لە مافەکانی مرۆڤ بەدوور دەگرن و دەیانەوێ ئەو بنەمایانە بە پێی سیستەمە خۆماڵیەکان خۆیان لەقاڵب بدەن هەمیشە بەدەست قەیرانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری دەناڵێنن، هەمیشەش لەدەرەوەی خۆیان بەدوای چارەسەرێکدا دادەگەڕێن لەکاتێکدا ئەو چارەسەرە لەناوهەناوی خۆیاندایە.

جینۆساید

: زاراوەیەکە لە ڕووی زمانەوە لە دوو ووشە پێك هاتووە (Genocide) جینۆساید

. واتە: ڕەگەز، بنەچە (Genos) ووشەیەکی گریکی

. واتە: کوشتن، فەوتاندن (Caede) ووشەیەکی لاتینی

.پێك دێت (Genocide) بە لێکدانی هەردوو ووشەکە فەوتاندنی بنەچە

جینۆساید ووشەیەکی لاتینیە لە زمانی یاساو سیاسەتدا بەکاردەهێندرێ، تاوانێکی نێو دەوڵەتیەو بەواتای گەل کوژی، یان ڕەگەز کوژی دێت، بریتیە لە لەناو بردنی نەتەوەیەك یان کەمینەیەك یان کۆمەڵێك خەڵك یان دەستەیەك لەلایەن وڵاتێك یان پارتێکی دەسەڵاتدارەوە. دەستدرێژیە بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی، هەر بۆیە دەبێت لەسەر ئاستی یاسای نێەدەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەبەر ئەوەی ئەم تاوانە پێشێلکردنێکی تەواوی مافی مرۆڤە و

ترسناکانە لە دژی مافی ژیان، بۆیە بڕیاری ئەوەی لەسەر دراوە کە تاوانێکی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێوەرو پێوانانەی کە لەپەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاری جینۆسایدا هاتووە لە (9)ی کانوونی دووەم ساڵی (1948) لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتووە. تاوانی دژی مرۆڤایەتیش هاوشانی تاوانی جەنگ و تاوانی دژی ئاشتی، بە تاوانی نێونەتەوەیی دەژمێردرێن. بۆیە لە یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا زۆر بە گرنگی جەخت لەسەرقەدەغەکردن و سزا خستنە سەر تاوانکارانی کراوە. لەدوای جەنگی دووەمەوە، بەهۆی تاوانی فاشیستەکانەوە، لەیاسای تازەی نێودەوڵەتاندا ئەو پرەنسیپە بەتەواوی جێگیر بوو کە جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی، بۆیە نەك هەر وڵاتانی تاوانکار بەڵکو ئەو کەسانەش کەبەئەنجامدانی جینۆساید تاوانبار دەکرێن، لێپرسینەوەی یاسایی، نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆیان

نموونە: هەوڵی لەناوبردنی ئەرمەنیەکان لەلایەن ئیمپراتۆری عوسمانی، تاوانەکانی دژ بەگەلی کورد وەك ئەنفالی 1988، وئەنفالی بارزانیەکان، کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنی فەیلیەکان، لەنوێترینیان کۆمەڵکوژی کوردانی ئیزیدی لە قەزای شەنگال ودەوروبەری لەلایەن ڕێکخراوێکی توندڕەوی بەناو داعش.

ئامانجی جینۆساید

بنەماکانی مەحکوم کردنی جینۆساید وەکو تاوانێکی دڕندانە لە دژی مرۆڤایەتی خەسڵەتێکی چونکە ئامانجی تاوانی لەناوبردنی رەگەزی (Congens imperative Jus) باڵایان هەیە مرۆڤایەتی کوشتنی کۆمەلەکان یان کۆمەلە مرۆڤایەتی بەچەندین ئامراز و شێواز. لەو کردەوە ترسناکانەیە کە هەڕەشە لە ئاسایش و سەلامەتی کۆمەلگا دەکات چونکە دەبێتە هۆکاری لەناوبردن و دەربەدەرکردنی مرۆڤەکان بەگشتی یاخود بەشێکی بەهۆکاری سروشتی نیشتیمانی بوونیان، رەگەز، ئاین.. تا دوای .

ئەنجام دانی ئەم تاوانە بە شێوەیەکی ئەنقەستە هەربۆیە ئاسەوارەکانی تەنها لەسەر ناوخۆی وڵاتەکە نابێ لە چوارچێوەی سنووری هەرێمایەتی، بەڵکو درێژە پێدانە بۆ کۆمەلگای نێودەوڵەتی بە گشتی، ئەم تاوانە بە تاوانی سیاسی هەژمار نەکراوە بەڵکو تاوانێکی ئەنقەستە و

ئاساییە. ئەگەر ئامانجی سیاسیشی لە دواوەبێت. جینۆساید تەنیا فەوتاندنی فیزیکی کۆمەلە خەڵکێکی نەتەوەیی ئیتیکی، رەگەزی یا ئاینی نیە، بەڵکو چەندین جۆرێ ترە لە مانە:

1- جینۆسایدی فیزیکی (بەدەنی): کوشتن بەهەرجۆرێك بێت لەسێدارەدان، گولەباران کردن، هێرشی سەربازی و بەکۆمەڵکوشتن و بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەك کیمیایی و فسفۆری و ژەهرو.....هتد. وەك

چۆن لە عێراق لەلایەن ڕژێمی درەندەی بەعس دژ بە گەلی کورد وە ئەنفال کردنی 180000 هەزار مرۆڤ وە 5000 هەزار بارزانی، هەروەها دژ بە شیعەکان لە باکوری عێراق لە کاتی راپەرینی ئاداری 1991 کە بە پێی دانپێدانانی ئەفسەرەکانی سلکی ئاسایش کە بەرپرسی سلکی تایبەت قصی صدام حسین لە یەك رۆژدا (2000) هاوڵاتی عیراقی کوشتووە بەبێ دادگای لە بەندینخانەکانی ابو غریب لە ژێر ناوی (خاوێن کردنەوەی بەندینخانەکان).

2- جینۆسایدی بیۆلۆژی: بەربەست (بەربەند) کردنی هەر کۆمەلە مرۆڤێك لە پێشکەوتن و زیاد بوون وەکو بەربەنکردنی منداڵ بوون و زیادکردن، یا لەیەك دابڕینی پیاو و ئافرەت و دابەشکردنی کەسانی خێزانی بۆ ماوەیەکی زۆر. ئەم جۆرەی جینۆساید لە هێرشە شومەکانی ئەنفال ی 1988 لە خوارووی کوردستاندا پەیرەوکراوە بە تایبەتی پیاوان لە ئافرەتان و دابڕینی کچان لە دایکان و باوکان، دوایش منالان لە دایکان.

3- جینۆسایدی کەلتووری- نەتەوەیی: وەکو قەدەغەکرنی زمان و رۆشنبیری و شێواندنی مێژوو، فەوتاندنی تایبەتمەندی نەتەوەیی و نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵك، هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەکو ڕوخاندنی پەیکەرو ئەشکەوت و مۆزەخانەو گەرەك و گەرماوو بازاڕو مزگەوت و کلێساو هەموو شوێنەوارێك کە پاشماوەی کۆن یا نوێ بێت و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵکە بێت.

وەك ئەوەی لە کوردستانی عێراق ڕووی دا لە نەهێشتنی زمانی کوردی لە نوسراوە فەرمیەکان بەتایبەت لە شارەکانی ژێر دەسەلاتی رژێمی صدام حسێن وەك کرکوك وخانەقین، هەروەها لە ناوچەکانی تریش بەردەوام بوونی تەعریب کردنی ناوچە کوردیەکان، بەهەمان شێوە لە بەشەکانی تری کوردستان، وەك تورکیا و سوریا و ئێران هەمان سیاسەت دژ بە میلەتی کورد ئەنجام دەدرێت بۆ لەناوبردنی کەلتور و زمانی .. هتد.

4- جینۆسایدی ئابووری - وێران کردنی ئابووری-: واتە وێرانکردنی سامان و شروشت بەروبومی ناوچەکان تاڵان کردن و فەرهوود کردنی ماڵ و سامانی خەڵکی. هەر لە شتومەکی

ناوماڵ دەرگاو پەنجەرەو ئەساسی ماڵەوە. تا مەرو ماڵات و کەرەسەکانی تری ژیان. هەروەها گەمارۆی ئابووری بەمەبەستی برسی کردنی خەلك. ئەمانە هەموو هۆکارن ودەبنە هۆی فەوتاندنێکی لەسەرخۆی مرۆڤ. جگە لەمردن بەهۆی نەبوونی خۆراکی پێویست و داوو دەرمان و زیاد بوونی نەخۆشی هەروەها دەربەدەرکردن و داگیر کردنی زووی خەڵك و کۆچپێکردنی لادێکان کە کاریگەری گرنگ لەسەر کشتوکاڵ و سامانی ئاژەلی دەبێت و بووژاندنەوە ئابوری دەکات.

مێژووی پەیڕەوکردنی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی لە لایەن ڕژێمی یەك لە دوای یەکەکانی حوکمڕانی عێراق بەرامبەر بە کورد و ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بون لە کەرکوك وموصل و بەعقوبە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1921، بە تایبەتیش دوای لکاندنی ولایەتی موصل بەم دەوڵەتە لە ساڵی (1925) و دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوك لە ساڵی (1926). مەبەستیش لە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە ڕەگەز پەرستانەیە بریتیە بووە لە:

أ - گۆڕینی واقعی دیموگرافی کورد لەو ناوچە کوردنیشینانە، چونکە ڕێژەی زۆری دانیشتوانەکەی کورد بوون.

ب - سڕینەوەی سیمای نیشتیمانی و نەتەوایەتی کورد لەو ناوچانە و بە عەرەب کردنیان.

ج- دەست بە سەراگرتنی هەموو ئەو بیرە نەوتانەی کەوتوونەتە ئەو ناوچە کوردنشینانە، ئەمەش هەمووی لە پێناوی جێ بە جێ کردنی ئەو بڕگەیەی کە لە دەستووری عێراق مۆقەت دا هاتووە کە دەڵێ (هاوڵاتی عێراقی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی و عێراقیش بەشێکە لە وڵاتانی عەرەب) بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی دەیان ڕێگەی گرتۆتە بەر هەر کاتێك هەڵیان بۆ ڕەخسابێ بە بەرنامەیەکی تۆکمە داڕێژراو بە بەرچاوی هەموو میدیاکانی دونیاوە ئەنجامیان دەدا لە وانە:

 ڕاگواستن و دەرکردن و دەربەدەرکردنی زیاتر لە (480600) چوار سەدو هەشت هەزارو شەست سەد کەس لە بەشێکی زۆری ئەو ناوچە کورد نشینانە جگە لە تەسفیە کردنی (400000) چوارسەد هەزار کوردی فەیلی لە قەزای سنجارەوە دەست پێدەکات و تا دەگاتە قەزای بەدرە کە بریتی لە سنوری (12) قەزا – 31 ناوچە و 1500 گوند) کە تێکڕای دەکاتە 3/1 یەك لەسەر سێی سەرجەم پانتایی کوردستان.

به عەرەب كردنی تەواوی ئەو ناوچە كوردنشینانە بە هێنان و نیشتەجێكردنی هەزاران هەزار خێزانی عەرەب لە عەشائیرەكانی (دەرەبەگ) ناوەڕاست و خواروی پاش دابەشكردنی زەوی و زاری كورد بەسەریاندا ودابین كردنی هەموو پێداویستیەكانیان و بەبیانوی دروست كردنی پشتێنەی ئەمنی، جگە لە نیشتەجێ كردنی زیاتر لە (36912 ) خێزانی عەرەب هاوردە لە ناوجەرگەی شاری كركوك كە دەكات (208750) كەس لە ماوەی نێوان ساڵانی (1981 تا 2003 ) و دروست كردنی دەیان گەڕەكی تازە بە ناوی عەرەب. ئێستاش لە عێراقی فیدرالی ئەم تەعریبە بەردەوامە

ئاڵوگۆڕپێكردنی یەكە ئیدارەكان لە سنوری (كەركوك – موصل – بعقوبە) و دروستكردنی هەندێ یەكەی ئیداری تازە بە مەبەستی كەم كردنەوەی ڕێژەی كوردو زیادكردنی ڕێژەی عەرەب لە سنوری ئەو سێ شارەدا.